Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی راپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# ئاكاری ئەرك لەدیدی كانتدا (توێژینەوەیەكی شیكاریی فەلسەفییە)

**بتول رضا عباس[1] ، دارستان عبدالرحمن حسێن[2]**

[2+1] بەشی فەلسەفە، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی كوردستان، عێراق.

## پوختە:

بەدرێژایی مێژوی ژیانی مرۆیی بابەتی ئاكار بابەتێكی سەرەكی و گرنگی بوە لە بونیادی هزری مرۆڤدا. ئەمەش وایكردوە پرسی كرداری ئاكاری و نا ئاكاری ببێتە پرسێكی گرنگی فەلسەفەی ئاكار. لێرەوە بە هۆی جیاوازی بیركردنەوەو تێڕوانینی تاكەكان، چەندین ڕەوت و قوتابخانە دەركەوتون، كە پێوەرەكانیان جیاوازە بۆ جیاكردنەوەی كرداری ئاكاری وكرداری نائاكاری. یەكێك لەم ڕوانگانە ئەركگەرایی(كانت)ە، كە هەوڵی داوە سیستەمێكی ئاكاری لەسەر بنەمای ویستی چاكە لە خودی خۆیدا دابمەزرێنێ. بە تێڕوانینی كانت هیچ چاكەیەك هێندەی ویستی چاكە چاكە نییە. محاڵە هیچ شتێك لە دەرەوەی جیهان و لەنێو جیهاندا بناسین هێندەی ویستی چاكە لە خەسڵەت بەدەر چاك بێت. چاكەكردن بەبێ هیچ پاڵنەرێك و لەپێناو هیچ ئامانجێكیشدا نەبێت. چێژو ئازار بابەتی پەتی ژیری كردەكی نین، چونكە پەیوەندیان بە بابەتێكی دەرەكی و هەستەكی نێو سروشتەوە هەیە. لەلایەكی دیكەوە خۆین و بە هەستكردنی تاكەكسەوە بەستراون، لەبەرئەوە ناتوانین یاسایەكی هەمەكی ئاكارییان لەسەر دابمەزرێنین، ژیری كرداری كە پەتییە چاكەیەكی دەوێت لە هەمو خەسڵەتێكی هەستەكی بەدەربێت. ئەركی مرۆڤە كە چاكەبكات و پەیڕەوی لە یاسای ئاكاری بكات، بەبێ بیركردنەوە لە ئەنجامی كردارەكە. یاسای ئاكاری دەبێ هەمەكی و ڕەهابێت، ویست ئازادانە پەیڕەوی لەم یاسایە دەكات، ئازادی لە سەركێشی و شكاندنی یاسادا نییە، بەڵكو لە پەیڕەوكردنی یاسادایە. چونكە خۆ وەكو هەبوەكی ئاگامەند و خاوەنی توانایی ژیر دەتوانێت دور لە دیاردەكان بیربكاتەوەو یاسا ئاكارییەكان دابنێت. ئازادی مەرجی یاسای ئاكارییە كە پێشینەی لە ئێمەدا بونی هەیە. كەواتە سەرچاوەی یاسا ئاكارییەكان دەرەكی نییە بەڵكو ناوەكییەو لە خودی خۆو لە ڕێگەی ژیرەوە دادەنرێت، كەواتا ویست سەربەخۆ و ئازادە. مرۆڤ وەك ئەركی سەرشان پەیڕەوی لەفرمانی ڕەها دەكات كە لەسەر بنەمایەكی گشتی دامەزاروە دەڵێ: (باكردارت بەجۆرێك بێت، كە بكرێت ببێت بەیاسایەكی گشتی) ئەركە مرۆڤ پەیڕەوی لەم یاسایە بكا.

## كلیلە وشەكان:

ئاكار، ئەرك، ویستی چاكە، ئەركی بێ مەرج، جۆرەكانی فەرمان.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(2).Paper7
**Received:** 12-July-2021
**Accepted:** 15-August-2021
**Published:** 29-March-2022
**Corresponding Author’s E-mail:**
dr.batool2010@uor.edu.krd
darstan.abdulrahman@uor.edu.krd
**Copyright**©2022 Journal of Raparin University.

## پێشەکی:

ئاکار لقێکە لە لقە گرنگەکانی فەلسەفە بەدرێژایی مێژو سەربەخۆیی خۆی پاراستوەو بەردەوام لەگەشەکردن و پێشکەوتن دایە، ئەگەرچی لێکۆڵینەوە لەپرسەکانی ئاکار بابەتێکی گرنگ و سەردەمییە، بەڵام لە ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی ئێمەدا لێکۆڵینەوە لەم زانستە پەراوێزخراوە، جێی ئاماژەیە گرنگیدان بەلێکۆڵینەوەو توێژینەوە لەبابەتی ئاکاری بۆ دۆخی ئێستای کۆمەڵگەی کوردی زۆر پێویست و لە جێی خۆیدایە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لەئاکاری کانت، کەیەکێکە لە فەیلەسوفە مەزن و دیارەکان کە کاریگەری کردۆتە سەر بیریاران وفێرگە فەلسەفییەکانی دوای خۆی، کە تاکو ئەمڕۆ هەندێکیان بەناوی کانتیانیزمی نوێوە لەسەر کێشە فەلسەفییەکان کاردەکەن. شایەنی باسە لێکۆڵینەوە لە فەلسەفەی کانت دژوارە، نەک تەنها بۆ توێژەرانی کورد زمان، بەڵکو بۆ فەیلەسوفانی دوای کانت کە لێکۆڵینەوەیان لەکانت کردوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ، یەکەم: بۆ ئەو شێوازەو زمانە وشک وئاڵۆزەی کانت پێی نوسیوە، دوەم: بۆ ئەو چەمکە زۆرو ئاڵۆزانەی کە کانت بە مانای جیاجیا بەکاریهێناون. و کانت خۆشی لەپێشەکی کتێبی (ڕەخنەی ژیری کرداری) ئاماژەی بەوەکردوە. کانت ئاکاری لەسەر بنەمای ویستی ژیرەکی تاکەکەسیی داناوە، نەک لەسەر بەرژەوەندی تاکەکەسی وبەرژەوەندی نێوانیان. ویستی مرۆڤ ئازادەو پەیڕەوی لەو یاسا ئاکاریانە دەکات، کە لەلایەن خودی ژیر خۆیەوە دانراون، نەک بەهۆکارو پاڵنەرێکی سروشتی دەرەکی.

## گرنگی توێژینەوەکە:

لەوەدایە پرسێکە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەژیانی تاکەکان، و کۆمەڵگەی کوردی لەئێستادا پێویستییەکی زۆری بە لێکۆڵینەوە لەبواری ئاکار هەیە بەتایبەتیش بەهۆی پێشکەوتن و گەشەکردنی تەکنەلۆژیا کە تاکی کورد لێی بێبەش نەبوە، هاوتەریب بەمە کۆمەڵێ گیروگرفت و پرس سەریان هەڵداوە کە هەر تاکێک تێیدا بەرپرسە، و پێویستی بەچارەسەرو وەڵامە ئەمەش لە ڕێگەی گرنگیدان بەزانستی ئاکارەوە دەکرێ. و لێکۆڵینەوە لە ئاکاری کانت لەمڕۆدا گرنگە، چونکە ئەنجامدانی کرداری ئاکاری بە ئەرک دادەنێ.

## پرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیە هەوڵدراوە وەڵامی ئەو پرسیارەی کانت: من دەبێت چی بکەم؟ بخەینەڕو، هەروەها کۆمەڵێ پرسیاری تری وەکو پێوەری کرداری ئاکاری چییە؟ چۆن کرداری ئاکاری لە کرداری نائاکاری جیابکەینەوە؟ ئایا مرۆڤ ئازادە لە ئەنجامدانی کردارەکانی؟بەدەربڕینێکیتر خاوەن ویستێکی سەربەخۆیە؟ سەرچاوەی یاسا ئاکارییەکان لەکوێ وەیە؟

## ئامانجی توێژینەوەکە:

دەرخستنی پێگەو گرنگی بابەتی ئاکار، ڕۆڵی لە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست. خستنەڕوی پێوەرو بەها ئاکارییەکان لەتێڕوانینی (کانت)وە. بایەخ وبرەودان بە فەلسەفەی ئاکار وەک بابەتێکی گرنگ و سەردەمی، کە هەتا زانستەکان بەرەو پێشبچن ولق و پۆپی زیاتریان لێببێتەوە، بە ئەندازەی ئەم پێشکەوتنە پرسی ئاکاری نوێ سەرهەڵدەدەن، کە پێویستیان بە وەڵام وچارەسەرە، ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زیاترە لە بابەتی ئاکار.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە پەیرەوی لە میتۆدی شرۆڤەیی- شیکاری کردوە، بۆ تاوتوێکردن و وردبونەوەو قوڵبونەوە لەپرس وبابەتەکانی توێژینەوەکە. و تێڕوانین و بۆچونی کانت لە بارەی ئاکارەوە لەژێر ڕۆشنایی میتۆدی شیکاریدا خراوەتەڕو.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە پێکهاتوە لە چوار باس باسی یەکەم: چەمکی ئاکار لەڕوی ماناو زاراڤەوە شیکردنەوەی بۆکراوە. باسی دوەم: سروشتی یاسای ئاکاری کە باس لە سروشتی مرۆیی و ویستی چاکە دەکات. باسی سێیەم: تیشک خراوەتە سەر چەمکی ئەرک و مانای ئەرک و جۆرەکانی ئەرک و پەیوەندی ئەرک بەویستەوە ڕونکراوەتەوە. باسی چوارەم: پەیوەستە بە بنەمای ئاکاری کانتی و فەرمان وجۆرەکانی فەرمان وجەختکردنەوە لە فەرمانی ڕەها.

## باسی یەکەم: چەمکی ئاکار لەڕوی واتاو زمانەوانییەوە

- **ئاکار چییە؟**

ئاکار: بریتیە لە کۆمەڵێ پرینسیپ و ڕێساو یاسا و پێوەر کە پەیوەستن بە چاکەو خراپە. و زەمینەی ئەوەمان بۆ دەڕەخسێنێت بتوانین کارو کردەوە مرۆییەکان هەڵبسەنگێنین و بڕیاریان لە سەربدەین.

### ١- چەمکی ئاکار لەڕوی زمانەوانییەوە:

لە زمانی کوردیدا ئاکار وشەیەکی ڕەسەنە، لەزمانی عەرەبیشەوە وشەی (اخلاق) هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە، کە وشەیەکی باوە وە لەناو خەڵکی گشتیدا پەرەیسەندوەو زیاتر بەکاردێت. لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا ئاکار بەم مانایانە بەکارهاتوە: ئاکار (ئا+کار) بەمانای ئاین، خو، خوگرتن، داب، دابونەریت، دامودەستور، ڕەفتار، ڕەوشت، شێواز، ڕێگا، کردار، کردەوە، نەریت، هەستان و دانیشتن، هەڵسوکەوت، یاسا،......هیتر. وشەی ئاکار لەگەڵ هەردو پێشگرو پاشگر بەکاردەهێنرێت بۆ گوزارشتکردن یان جیاکردنەوەی ئاکاری باش و خراپ، وەک بێ+ئاکار،

نا+ئاكاری، ئاكار+دزێوی، ئاكار+خراپ، ئاكار+جوان، ئاكار+باش،...هیتر، بڕوانە: (رەشید،٢٠١٣،ب.لا) هەروەها (كەریم،٢٠٠٦،ب١،ص١٢).

هەروەها لە زمانی عەرەبیدا (اخلاق) لە چاوگی (خلق)ەوە وەرگیراوە، واتا اخلاق كۆكراوەی (جمعی) وشەی (خلق) كە واتاكەی لەزمانەوانییدا بەواتای خوگرتن و نەریت و ڕەوشت و ڕەفتارو ئاكار و شكۆمەندی دێت. (الخراز،٢٠٠٩،ص٢١). هەروەها جرجانی دەڵێت: وشەی (الخلق) ئاماژەكردنە بەدەرونێكی جێگرو نەگۆڕ، كە بە ئاسانی كردارەكانی لێوەدەردەچێت بەبێ ئەوەی پێویستی بە بیركردنەوەیەكی قوڵ و توند بێت، و ئەوەی لێیەوە دەردەچێ چاكەیە، لە شێوەی كرداری چاكە، و ئەگەر كرداری خراپ و ناشیرینی لێوەدەرچو سەرچاوەی ئەم كرداری خراپەیە بریتییە لە دەرونێكی خراپ).(الخراز،٢٠٠٩،ص٢٢). هەرلەم بارەیەوە ابن منظور دەڵێ: (ئاكارو ڕەوشتەكان دروست كراونین، بەڵكو بریتین لە ڕاهاتن لەسەر كارو كردەوەكانی ڕۆژانە هەروەک چۆن كەسێک ڕۆژانە شتێک دوبارەبكاتەوە ئەوشتە دەبێتە ئاكارو نەریتێک بۆی) .(نصار،١٩٨٢،ص١٥).

لە زمانەوانییدا ئەگەر وشەیەک كۆمەڵێ واتای هەبو ئەوە ئەو وشەیە بۆ هەمو واتاكان چونیەک نییە. ئەمەش نەک تەنها لە زمانی عەرەبی و كوردیدا بەڵكو لە زۆربەی زمانەكاندا هەر بەم جۆرەیە. بۆنمونە لە زمانی فەرەنسی(ethique) بۆ ئەم مەبەستە بەكاردێت، كە لە وشەی (ethose) یۆنانیەوە وەرگیراوە، كە بەمانای نەریت دێت.(نصار،١٩٨٢،ص١٦) و لە بەرامبەر وشەی ئاكار لە زمانی كوردی و (اخلاق) لە زمانی عەرەبیدا لە زمانی ئینگلیزیش وشەی (مۆراڵ – moral) هەیە، كە لە پەیڤی مۆس (مۆریس=moris) لاتینیەوە وەرگیراوە، هەروەها پەیڤی ئیتیک(Ethice)یش هەیە، كە لە (Ethos)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە، كە بە واتای ئاكار، نەریت، خو، كارەكتەر، دێت. كە لە سەدەی حەڤدەیەمەوە وەک هاوواتا بۆ فەلسەفەی ئاكار (morali Philosophia) بەكاردێت.(هایدبرینک،٢٠١٧،لا٨٧).

چەمكی ئێتیک لە وشەی"ئێتەس"ی زمانی یۆنانی كۆنەوە پەیدابوە. واتا سەرەتای و بناغەییەكانی وشەی "ئێتەس"بریتین لە شوێنی بون، ژیانكردنی پێكەوەیی، ئەم واتایەی ئێتەس لەلای "هۆمیرۆس"١ی شاعیر گەورەی گریک دەركەوتون. بەڵام "هێراكلیت"٢ دەیبەستێتەوە بە تێگەیشتنی ئەو چەمكە وەک: جۆری ڕفتار، یان كارەكتەرو كەسیەتی مرۆڤ. و چەمكی مۆراڵ لە وشەی "مۆرالیتاس"كە لە لایەن شیشرۆن(١٠٦-٤٣پ.ز)٣ بەكارهێنراوە ئەم وشەیەی لە بنەڕەتە لاتینییەكەی"مۆرێس"ەوە، كە واتای عادات ونەریت دەگەیەنێت وەرگرتوە. وشەی"مۆرێس" لە كۆی وشەی "مۆس"ە كە بەئاگردان، لانەوماڵیش وەرگیراوە (علی،٢٠١٨،لا١٣٧).

## ٢- چەمكی ئاكار لەڕوی واتاوە:

بێگومان بۆچونەكان جیاوازن لە بارەی واتاو پێناسەكردنی ئەم زانستە بەپێی جیاوازی بۆچونیان لەبارەی ئامانجی ئەم زانستەو كلتورو ئاستی ڕۆشنبیرییەكەیان. ئەوانەی كاریگەرن بەواتا زمانەوانیەكەی لە پێناسەكردنی ئەم زانستەدا دەڵێن: زانستی خوو داب و نەریتەكانە.(هوعلم العادات)(ارسطو،ج١٩٢٤،١،ص٢٢٩) ئەم پێناسەیە مۆركێكی دان پێدانەرانە بەزانستی ئاكار دەبەخشێ، لە كاتێكدا زۆربەی توێژەران لەسەر ئەوە ڕێككەوتون كە زانستی ئاكار زانستێكی پێوەرییە(معیاری)یە مەبەستیشیان لێرەدا ئەوەیە كە باسی كردارە بەویستەكانی مرۆڤ ناكات، كە بونەتە داب ونەریت، لەو ڕوەوە كە شتانێكی بەرجەستەن و لەواقیعدا هەن، بەڵكو باس لەچۆنیەتی ئاراستە كردنیان دەكات بەرەو ڕێگەی دروست، لەسەر ڕێبازێكی پێكهاتو لە بنەماو یاساكانی زانستی ئاكار، دواتر بڕیاریان لەسەر دەدات بەپێی ئەو پێوەرانەی دایدەنێت. ئەم پێناسەیە بەپێی ڕێساكانی لۆجیك ((پێناسەیەكی ناگشتگیرە)).(نصار،١٩٨٢،ص١٧).

هەروەها مسكویە لەكتێبەبە ناوبانگەكەیدا (تهذیب الاخلاق وتطهیر الاعراق) لە لاپەڕە (٥١) بەم شێوەیە پێناسەی ئاكار دەكات، خلق دۆخێكە بۆ دەرونێكی ڕێنوێنیكار، كە جیای دەكاتەوە لە هزرو بیرەكانی تر و پێویستی بە تێڕامان و لێوردبونەوە نییە لە كاروبارەكاندا. و ئەم دۆخە دابەش دەبێت بەسەر دو بەش: ١- سروشتی وفیتری كارو كرداری ئاكاری سروشتی. ٢- ژینگەییە و مرۆڤ بەخۆپەیڕەوكردنیان و دوبارەكردنەوەو ڕاهێنان فێریان دەبێت.(مسكویە،١٩٧٦،ص٥١). هەروەها ئیبن عەرەبی ڕای وایە كە هەندێك لە ئاكارەكان فترییە و و هەندێكیشی بە دەستهاتوە وەكو: ئازایەتی كە فیتریە، هەروەها دادپەروەری كە پێویستی بە بەدەستهێنانە. (كۆمەڵە وتار-ئەدهەم،٢٠١٩،لا٢٩٢). و فەیلەسوفی فەرەنسی باسكاڵ بەم جۆرە پێناسەی ئەم زانستەی كردوەو دەڵێ: ((زانستی ئاكار زانستی مرۆڤە.)) بەڵام ئەم پێناسەیە گشتییەو هەمو زانستە مرۆڤایەتییەكان دەگرێتەوە، چ ئەوانەی وەسفین یان پێوەرین وەك زانستەكانی دەرونزانی و یاساو مێژو هەروەها زانستی لۆجیك وجوانیناسی و....هیتر. چەندین پێناسەی تر بۆئەم زانستەكراون، لەوانە دەڵێ: ((زانستی چاكە وخراپەیە.)) پێناسەیەكی تر دەڵێ: ((زانستی ئەركەكانە)) ئەم دو پێناسەیە گەرچی ڕاستن، بەڵام لایەنی تیۆری ئەو زانستە لەخۆدەگرن، چونكە وەدەستهێنانی یاساكانی زانستەكە بەتەنها مرۆڤ ناكاتە خاوەن ڕەوشتێكی جوان. ئەو مرۆڤەی چاكەو خراپە دەزانێ و ئەرك وفەرمانەكان دەزانێ بێ ئەوەی ڕەنگدانەوەیان هەبێ بەسەر ڕەفتارەكانییەوە پێی ناگوترێت، كەسێكی خاوەن ئاكار. ئاكار بریتییە لەهاوكاتبونی كردار لەگەڵ ئاكاری باش نەك بەتەنها توێژینەوەی تیۆری. هەروەها پێناسەیەكی وردی زانستی ئاكار كە لە (دائرة المعارف)ی ((البستانی)٤ دا هاتوە، كە بریتییە لە زانینی ڕەوشتە بەرزەكان و چۆنیەتی بەدەستهێنان و خۆڕازاندنەوە پێیان. هەروەها زانینی ڕەوشتە نزمەكان و چۆنیەتی خۆپاراستن لێیان. (نصار،١٩٨٢،ص١٨-١٩). ئەم پێناسەیە پوختكردنەوەیەكی جوانی ئەوەیە، كە ئەرستۆ لە كتێبەكەیدا (كتاب الاخلاق الا نیكوماخوس) باسیكردوە كە چەندین گوتەی لەئاستێكی زۆر بەرزدا هێناوە لەبارەی كاریگەری زانستی ئاكارو

سودەکانی دەڵێ: (لە کاروبارە کردەییەکاندا ئامانجی ڕاستەقینە بریتییە لە زانینی تیۆریانەی یاساکان بەڵکو ئامانج جێبەجێکردنیانە سەبارەت بە چاکەو ڕەوشت بەرزی، ئەوەندە بەس نییە، مرۆڤ بزانێ ئاکار بەرزی چییە؟ بەڵکو پێویستی بەڕاهێنانی دەرونیش هەیە لەسەر بە دەستهێنان وکارپێکردنیان).(ارسطو،ج١،١٩٢٤،ص١). و لە موسوعەی لالاند پێناسەی ئاکار کراوە بەوەی: أ- بریتییە لە کۆمەڵێ یاسای ڕەفتاری وەرگیراو لەوڕووەوە کە بێ مەرجە. ب- کردار یان ڕەفتار هاوتایە یاخود یەکسانە بە ئاکار بۆنمونە کاتێک دەدوێین لەبارەی دەرخستنی ئاکار. ج- بیردۆز یاخود تیۆرێکی ژیرییە (عەقلیە) لە چاکە وخراپە بەو واتایەی ئەم تیۆرە ئەو مەبەستانە دەگرێتەخۆ، کە ئەنجامەکەی پێوەرییە (معيارية). لەپێناسەی یەکەم کاریگەری کانت دەردەکەوێت لە ئەرک وئاکار (للواجب والأخلاق). یاخود ئاکار بریتییە لەکۆمەڵێ ڕێساو یاسای پەسندکراو لە سەردەمێک.(لالاند،٢٠٠١،ص٨٣٩).

## باسی دوەم: كانت وسروشتی یاسای ئاکاری:

لەگرنگترین تیۆریەکانی ئاکار لە جیهاندا، تیۆری ئاکاری ئیمانویل (کانت)ە، کانت ڕوانگە ئاکارییەکانی خۆی لە کتێبی (بناغەدانانی مێتا فیزیکی ئاکار١٧٨٥) و کتێبی(ڕەخنەی ژیری کردەکی١٧٨٨) خستۆتەڕو. ئەگەر سەیری کتێبی ڕەخنەی ژیری کردەکی بکەین دەبینین بیرو ئایدیاکان کە خراونەتەڕو هەمان بابەتن کە لە کتێبی بناغەدانانی مێتافیزیکی ئاکار باسکراون، بەڵام لێرەدا بەتێرو تەسەلی و فراوانترو لەڕوی شیکارییەوە قوڵترن. ئەگەرچی هەریەکە لە ئێردمان وکۆنۆ فیشەر هاوڕان لەسەر ئەوەی کە کتێبی بناغەدانانی مێتافیزیکی ئاکار بابەتەکەی بریتییە لە یاسای ئاکاری. و بابەتی کتێبی ڕەخنەی ژیری کردەکی بریتییە لە ئازادی، بەڵام ئەم قسەیە ڕاست نییە، چونکە کتێبی بناغەدانانی مێتافیزیکی ئاکاریش بەدورو درێژی باس لە بابەتی ئازادی دەکات. بەڵکو جیاوازییەکە لە شێوازی باسکردن و لێکۆڵینەوە دایە، و زیاتر مەبەست ئەوە بوە ببێت بەهاوتایەکی کتێبی ڕەخنەی ژیری پەتی. (بەدەوی،ب٢،٢٠٢٠،ل١٣٣) کانت لەپێشەکی کتێبی ڕخنەی ژیری پراکتیکی باس لەوەدەکات کە نوسینی ئەم کتێبە بۆ ئەوەیە کەژیری پەتی کردەیی بونی هەیە، پاشان ڕەخنەی ئەو توانا کردەییە دەکات، کە ئەم ئەقڵە هەیەتی، وەڵام دانەوەی پرسیاری دوەمی کانت من دەبێت چی بکەم؟. (کانت،٢٠١٥،ل٢٥). و کاتێک باس لەژیری پەتی یاخود ژیری پراکتیکی دەکرێت مانای ئەوەنییە، کە دو جۆر لە ژیری بونی هەیە، بەڵکو تەنها یەک جۆر ژیر بونی هەیە ئەویش ژیری مرۆییە و کاتێک باس لە ژیری کردەکی دەکرێت هەمان ئەو ژیریە پەتییەیە کە دەچێتە خانەی کردەکییەوە، واتا کارکردن لەبواری ئاکار.

## یەکەم: سروشتی مرۆیی (ئەنترۆپۆلۆژیا)

کانت لە ((بناغەدانانی میتافیزیکی ئەخلاق))دا زانستی ئەخلاقی کردوە بە دو بەش ((میتافیزیکی ئاکار)) کە خۆی لە بنەما ئاکاریە دروستەکان((سەرەتاییەکان))دا دەبینێتەوە سەبارەت بە هەمو بونەوەرێکی ژیر. و ((ئەنسرۆپۆلۆژیای کرداری))، کە بریتییە لە توێژینەوەی ئەزمونکاری بۆ سروشتی مرۆڤ، کە بنەماکانی بەسەردا جێبەجێدەکرێ. (کانت،٢٠٠٧،لا٨-٩).

پرسی سەرەکی ئەنترۆپۆلۆژیا وەسف و تێگەیشتن وپێشبینیکردن وکۆنترۆڵکردنی مرۆڤە، سەرکێشییە بۆ دۆزینەوەی نهێنیەکان، ڕامان وقوڵبونەوەیە لە سروشی مرۆیی، لێکۆڵینەوەیە لە تەواوی ڕەهەندەکانی ئەم بونەوەرە. (لومبار،١٩٩٧،ص٣٠). لە ساڵی ١٧٨٩دا کانت کتێبێکی نوسی بەناونیشانی (ئەنترۆپۆلۆژیا) لەم کتێبەدا پرسی زۆر گرنگی خستۆتەڕو، گریمانەی بنچەی مرۆڤ کردوە، پێشی وابوە سەرەتای دروستبونی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ پەرەسەندنی بایەلۆژی ئاژەڵی، ئەمەش تیۆرەکەی لامارک(١٧٤٤-١٨٢٩) و داروین(١٧٣١-١٨٠٢) و ئاراستەی هزری پەرەسەندنن. بەلای کانتەوە پیویستە ڕەفتاری مرۆڤ دوربێت لە هەر لاسایکردنەوەو چێژو خۆشی و بەرژەوەندیەک، نابێ ڕەفتارەکان زو بگۆڕێن دەبێ جێگیرو چەسپاوبن، ئەگەرنا ناکرێ پشت بە مرۆڤ ببەسترێت، دەبێت مرۆڤ ئەرکەکانی جێبەجێبکات بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی پاداشت بێ بەڵکو تەنیا لەژێر کاریگەری بەختەوەری ناوەکیدا. (شوانی،ب١،٢٠١٧،لا٧١).

کانت هەستا بەدارشتنەوەی جیاوازی نێوان ((میتافیزیکی ئاکار)) و ((مرۆڤناسی کرداری)) بەتێکەڵکردنی ((بنەما ئەزمونییەکانی پیادەکردن)) لەگەڵ ((میتافیزیکی ئاکار)) خۆیدا. ((مرۆڤناسی کرداری))یشی کورتکردەوە لە توێژینەوەی بارودۆخە خودییەکانی تایبەت بە سروشتی مرۆڤدا، کە ڕێگری لە خەڵک دەکەن یان هاوکاریان دەکەن لە جێبەجێکردنی یاساکانی میتافیزیکی ئاکاردا. گریمانەی کانت ئەوەبو، کە تاکە ڕێگە بۆ ئەوەی بتوانین لە ڕوی تیۆریەوە لە مێژوی مرۆڤ تێبگەین، ئەوەیە ئامانجێکی سروشتی و پاشان بێسنوری لە ڕوی کاتەوە تێدا بدۆزینەوە، کە ئەو ئامانجە بە گەشەکردنی تەواوی توانا سروشتیەکانی ڕەگەزی مرۆڤ ئەژماردەکرێ. ئەو ئەمانجە هیچ پەیوەندی بە مەبەستی ئاگایانەی خەڵکەوە نییە، بەڵکو ئامانجێکی سروشتییە لەڕێگەی تێڕامانەوە دانراوە وەک بیرۆکەیەک بۆ ڕێکخستنی ئەو عەقلانیەتە مەزنەی لە دەرئەنجامدا هەیە بۆ ئێمە. (الن ود،٢٠١٤،١٨٩) لە نێوان پێکهاتنی سروشتی بونەوەری ئەندامی، واتە بونەوەری سازو لەبار بۆ ژیاندا، ئێمە وەک بنەمایەک وای دادەنێین، کە هیچ ئەندامێک نییە بۆ ئامانجێکی دیاریکراو ڕاسپێررابێت و هاوکات گونجاوترین ئەندام بێت، کە بۆ بەجێهێنانی ڕەخسێنرابێت. چونکە سروشت سەبارەت بەبونەوەری خاوەن ژیری و ویست، خۆپاراستن و بەختیاری بونەوەری بەگشتی کردبێت بە ئامانجێکی تایبەتی، ئەوا لە مەزەندەکەیدا بەهەڵەدا چوە، کاتێک کە ئەقڵی بونەوەری وەک بەجێهێنەری ئامانجی بونەوەرەکانی هەڵبژاردوە، چونکە ئەوکات هەمو ئەو کارانەی کە پێویستە لەسەر ئەم بونەوەرە لە پێناوی ئەم ئامانجەدا ئەنجامیان بدات، هەروەها ڕێسای تەواوەتی ڕەفتارکردنی، لە بەجێهێنانیدا ڕاسترە وردتر

دەبن ئەگەر بەهۆی غەریزەوە بەجێبهێنرێن، هەروەها ئەو ئامانجە بەو شێوەیە باشتر لەوە دێتەدی کە ئەقڵ دەتوانێت بهێنێتەدی، ئەگەریش ئەم بونەوەرە وەک خەڵات و چاکەیەک ئەقڵی پێدەدرێت ئەوانە دەبو بۆ هیچ شتێک کەڵکی پێنەگەیەنێت، تەنها لە پێناوی ئەنجامدانی برێک تێڕاماندا نەبێت لە ئامادەگییە بەسروشت باشەکاندا، بەمەبەستی سەرسام بون پێیان و چێژوەرگرتن لێیان و پیرۆزیبونیان و سوپاسگوزاریکردن، سۆنگەی بەختەوەری ئەو نازو چاکەیە نەک لەوپێناوەدا، کە بەهرەی حەزو سەرقاڵ بونی شپرزەی خۆی بە بە جێهێنانی ئامانجەکانی سروشت ملکەچی ئەم ئاراستە کردنە لاوازو فریودەرە بکات، بەگشتی ئەو کات سروشت ڕێگری لێدەکرد، کە بە بەکارهێنانی کردەییەوە خەریکبێت و لافی ئەوە لێبدات، کە بەهۆی ڕوناکییە کزەکەی خۆی وێنای نەخشەی بەختیاری و ئەو ئامرازانە دەکات، کە بەبەختیاری دەگەیەنن و ئەودەم سروشت ورد وەک وردبینی دانەیەک، نەک هەر هەڵبژاردنی ئامانجەکان، بەڵکو هەروەها هەڵبژاردنی ئامرازەکان خۆشیان هەموی تەنها بەغەریزە دەسپارد. هەرچەندە ژێری ڕۆشنایی چێژوەرگرتنی لە ژیان و بەختەوەریدا مەبەست بێت ئەوەندە مرۆڤ لە ڕەزامەندی دوردەکەوێتەوە. (کانت،٢٠٠٧،لا٢١-٢٢).

لێرەوە پوختەی مەبەستی کانت لەم دەربڕینە ئەوەیە، کە ئەگەر ئامانجی سروشت بەختەوەری مرۆڤ بوایە ئەوکات بۆ بەدیهێنانی ئەم بەختەوەرییەی بەتوخمێک کۆمەکی مرۆڤی دەکرد کە باشترین بێت بۆ دەستەبەری ئەم ئامانجە، و ژێری ئەو ئەندامەنییە، بەڵکو غەریزە لە ژێری بەتواناترە لە بەدیهێنانی ئەمەدا. ئەگەر ژێری سپاردەی مرۆڤ کرابێت و کردبێتی بە ئامرازی بەدیهێنانی ئەم ئامانجەی و ئەویش توانای داخوازی بەختیاری نەبێت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئامانجی سروشت بەختەوەری مرۆڤ نەبوە.

لێرەوە کاریگەری ڕۆسۆ و کریستیانیزم لەسەر کانت دەبینرێت، کە پێی وایە ژێری لەڕێگەی بەرهەڵستیکردنی غەریزە سروشتەکان و ئەو بەختەوەریەی لەڕێگەی غەریزەوە بەدەست دێت ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت. (بدوی،ب١، ٢٠٢٠،لا٥٤)

## دووەم: ویستی چاکە

کانت لە بەشی یەکەمی کتێبی بناغەدانانی مێتافیزیکی ئاکاردا دەڵێ: (لە سەرانسەری جیهان و لە دەرەوەشیدا شتێک نییە، بەبێ چەند وچون و بێسنور بە چاکە دابنرێت، لەیەک شت بەولاوە ئەویش ویستی چاکە خوازییە. (کانت، مێتافیزیکی ئاکار،٢٠٠٧،لا١٩) مەبەستی کانت لەم دەربڕینە ئەوەیە، کە تەنها ویستی چاکەخوازانە دەشێت لەنێو خۆیدا بەچاکەخواز دابنرێت یان بە چاکەیەکی ڕەها، یان چاکەیەکی بێمەرج دابنرێت، بەدەربڕینێکی ڕونتر ویستی چاکەخوازانە پێویستە لە هەمو هەل و مەرجێکدا لە هەمو بارودۆخێکدا چاکەخوازانە بێت، بەگشتی چاکە خوازییەکەی بەهیچ هەل ومەرجێک یاخود دۆخێک یاخود ئارەزویەک یاخود ئامانجێکەوە بەندنییە، کەواتا چاکە خوازییەکی ڕەهاو هەمیشە بێمەرجە، چاکەخوازییەکە لەنێو خودی خۆیدا و، چاکەخوازییەک نییە سەبارەت بە هیچ

شتێکی تر.(بدوی،٢٠٢٠،ب٢،ل٥٠) کانت دەڵێ: ((سروشت بەبێ مەبەست وئامانج شت ناکات، چونکە ژیر ئامانجی بەرزی کردەکی خۆی لەپێکهێنانی ویستێکی چاکەخوازدا دەبینێ لەگەڵ گەیشتنی بەم ئامانجە هەست بە ڕەزامەندییەکی تایبەتی جۆری خۆی دەکات، ئەمەش جۆرە ڕەزامەندییەکە لە بەدیهێنانی ئامانجێک دەکەوێتەوە کە تەنیا ژیر خۆی دەستنیشانی دەکات)).( کانت،٢٠٠٧،ل٢٤)

چەند بەهرەیەکی سروشتی یاخود چەند خەسڵەتێک هەن، کە لە خۆیاندا هیچ بایەخێکی لەڕادەبەدەریان نییە، بەڵکو هەمیشە بونی ویستێکی چاکەخواز پێویست دەکەن، کە لە پێشیانەوەبێت. ئەو بەهرەسروشتیانە وەک ئازایەتی – پێداگری –کۆشش کردن لەسەر نیازەکان...، بەو پێیەی کە تایبەتمەندییەکان میزاجن- بڕێک بابەتی چاکەخوازانەو لەچەند ڕویەکەوە ویستراون (ئارەزولێکراون)، بەڵام دەشێت ئەو بەهرە سروشتیانە یەکجار خراپەخوازانە بن ئەگەر ویستی چاکەخوازانە نەبێت، کە پێویستە لەسەری بەکاریبهێنێت. ویستی چاکەخوازی بەوە چاکەیە کە دەیکات یاخود بەوەی کە بەدیدەهێنێت. نەک بۆ گەیشتنە ئامانجێکی دیاریکراو و ڕەنگ بۆ ڕێژراوە، بەڵکو تەنها بەهۆکاری ویستەوە چاکەیە واتە لەخۆیدا چاکە (کانت،٢٠٠٧،ل٢٠).

ویستی چاکە، چاکەی لە نێو-خۆ شتێک نییە بە حەزو ئارەزوی تاکەوە وابەستە بێت و بۆ گەیشتن بە کۆتاییەک بەکاربێت، ئەگەر مرۆڤ کارێک بکات و بە بۆچونی ئەو کارەکە چاکە، ئەم بیرکردنەوەیە کارەکە بۆ چاکە ناگۆڕێت، ئەوەی کارەکە بەچاک دادەنێت (ویستی چاکە)یە هیچ چاکەیەک هێندەی ویستی چاک چاکە نییە. ویستی چاکە لە هەمو خەسڵەتێک بەدەرە، چاکەیەکە لەنێو-خۆیدا چاکەو ڕەهایە، گۆڕانی بەسەردانایەت. مرۆڤ لەترسان و بۆ بەرژەوەندی یان دڵخۆشکردنی و....هیتر نایکات، ئەو چاکەکارە، چونکە ویستی چاکەی هەیەو چاکەکردن بەئەرک دادەنێت، مرۆڤ بیر لە بەرژەوەندی خۆی ناکاتەوەو بۆیە بەختەوەری خۆی چاکەناکات، هاندەری ئەم چاکەکردنەی (ئەرکە)، خواستی چاکەو ئەرک وەک دو بنەمای ئاکاری دەبن بە تەواوکەری یەکتری. لەباسی داهاتودا ئەم پەیوەندییە دەخەینە بەرباس.(کمال،٢٠١٧،ل٢٥٧-٢٥٨). ویست ئەو هێزو توانەیەیە، کە بەپێی بۆچونی چەند قانونێک خۆی وەک کردار دیارو دەستنیشان دەکات، ئەم جۆرە توانایە تەنیا لە جەوهەری ژیردا هەیە(کانت،٢٠٠٧،ل٧٣).

## باسی سێیەم: تیۆری ئەرک وەک چەمک و گەشەکردن

### یەکەم: مانای ئەرک:

بۆ ڕونکردنەوەی جەوهەریەتی ویستی چاکە کانت پێی وایە، کە سەرەتا دەبێت چەمکی ئەرک تاوتوێ بکرێت. ویستی چاکە لە هەلومەرجی مرۆیدا، ویستێکە کە بەهۆی ئەرکەوە کاردەکات. چۆن؟ سەرەتا بابزانین چەمکی ئەرک چییە؟ دواتر وەڵامی ئەم پرسیارە تاوتوێ دەکەین.

وشەی ئەرک لەوشەی (دیوتی-Duty)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە، کە بەواتای ئەرک دێت، دیۆنتۆ لۆجیش (Deontology) دەبێت بە ئەرکگەری کە کرۆکی فەلسەفە ئاکارییەکەی کانتە (کمال،٢٠١٧،ل٢٩١). ئەرکگەرایی

ئاكاری وەک چەمک بۆ یەكەمجار لەلایەن جێرمی بێنتامەوە لە كتێبی ( Deontology or of the science of morality)، بەكارهێنرا، چەمكی ئەركگەرایی لەبەرامبەر ئەنجامگەرایی خرایەڕو. كە لە ئەنجامگەرایدا دەرئەنجامی كردارەكان دەبێتە پێوەری دروستی ونادروستی كارەكان، بەڵام لەتیۆری ئەركگەراییدا ڕاستی كرداری ئاكاری لە پەیوەستبونێكەوە سەرچاوە دەگرێت، كە خودی كارەكە بونی هەیە، ئەنجام لە دەرهاویشتەی خودی كارەكە دایە واتا كرداری باشە لە خودی خۆیدا شایستەی ستایشە، نەک لەبەرئەنجامی باشی كارەكە. قسەكردن لەسەر دروستی ونادروستی كاری ئاكاری لە ئەركگەرایدا دەكەوێتە پێش ئەنجامدانی كردارەوە لەلایەن بكەری ئاكارییەوە، واتە دەڕوانین بۆ خودی كردارەكە نەک دەرهاویشتەكانی كە دەكەونە دوای ئەنجامدانی كردارەكەوە (كۆمەڵە وتار، سەلمان نادر،٢٠١٩،ل٥٣). جیمز فیزەر بەپێی قۆناغەكانی گەشەكردنی تیۆریای ئەركگەرایی پۆلێنبەندی كردوە.

- سەدەی حەڤدەی ئەڵمانەكان دیارترین فەیلەسوفی ئەم قۆناغە بریتییە لە سەمویل پۆفیندۆرف. كە پێی وایە ئێمە سێ جۆر ئەركمان لەسەر شانە دەبێت پابەندیان بین (ئەركمان بەرامبەر بەخودا، ئەركمان بەرامبەر بەخۆمان، ئەركمان بەرامبەربە ئەوانی دیكە).
- ڕوگەی دوەمی ئەركگەرایی خۆی لەدیدی تیۆریای مافدا دەبینێتەوە، خاڵی بنەڕەتی ئەم تیۆریانە لەوەوە سەرچاوەی گرتوە كە مافی هەر كەسێک دەبێتە سەرچاوەی ئەركی ئەوی دیكە، لێرەوە هاوكێشەی (ماف – ئەرک) دەبێتە بەردی بناغەی ئەم دیدە، دەكرێ بڵێین جۆن لۆک دیارترینی فەیلەسوفانی بنیادڕێژی ئەم تیۆریانەیە.
- ڕوگەی سێیەم فرمانی ڕەهای كانت: كانت كە بە ڕوگەی سێیەمی ئەركگەرایی دادەنرێت، كە پێی وایە ئێمە هەم لەبەرامبەر خۆمان و هەم لەبەرامبەر ئەوانی دیكە ئەركمان لەئەستۆدایە و بنەڕەتیترین بنەمای ئەم ئەركە بریتییە لە فەرمانی ڕەها. كە دواتر دێینە سەری و بەدرێژی باسی لێوەدەكەین.
- ڕوگەی چوارەمی ئەركگەرایی دەگەڕێتەوە بۆ ولیەم دیڤدراس كە باوەڕی وایە ئەركی ئێمە لە سروشتی بنەڕەتی جیهانەوە سەرچاوەدەگرێ (كۆمەڵە وتار،٢٠١٩،ل٥٤-٥٥).

## دوەم: ویستی چاكە و ئەرک

كانت بۆ بەگەڕخستنی ویستی چاكەكار پەنا بۆچەمكی ئەرک دەبات، خواستی چاكە و ئەرک وەک دو بنەمای ئاكاری دەبن بەتەواوكەری یەكتر، بە باوەڕی كانت تاكە شتێک كە بەهای خودی هەیە ویستی چاكەیە (خواستی چاكە) و مەبەست لە ویستی چاكە جێبەجێكردنی ئەركە. و ئەركی ئاكاریش لە ژیرییەوە سەرچاوەدەگرێت نەک لە ئەزمونی دەرەكی. هەرچەندە هۆكارە سروشتییەكان و پاڵنەرە هەستەكییە جۆربەجۆرەكان هانی ئێمە بدەن بەرەو ویستن یان ئیرادەكردن بەكردارێک ئەوە نابێتە هۆی دروستبونی ئەرک لەناخی مرۆڤدا. بەڵكو بۆ سەرچاوەكەی

پێویستە پێشیانە لە چەمکەکانی ژێری پەتی بۆی بگەڕێین هەر ئەمەش دەبێتە هۆی پاساودانی گوزارە پێشیانە لێدراوەکانی ژێری. (کاپلستون،١٣٩٢،ص٣٢١).

ویستێک کە بەهۆی ئەرکەوە کاردەکات ویستی چاکەیە، بەڵام ئێمە نابێت وا بیربکەینەوە، کە ویستی چاکە ئەو ویستەیە کە بەهۆی ئەرکەوە کاردەکات. بە پێچەوانەوە ویستێکی چاکەخوازی کە بێگەرد و تێروتەسەل بێت هەرگیز بە هۆی ئەرکەوە کارناکات، چونکە لەناو خودی وێناکردنەوەی ئەرکدا بیرکردنەوە لە کۆمەڵێک مەیل و خواست دێت کە دەبێت زاڵ بین بەسەریاندا. ویستێکی بێگەرد یان- بە گوتەی کانت-پاک یەک پارچەیەک دەستە، خۆی لە کردەوەی چاکەدا بە دیاردەخات بەبێ ئەوەی کە ناچار بێت ڕێگری بکات یان سنورێک دابنێت بۆ مەیل و حەزە خۆڕسکەکان، کەواتە بە گشتی لەڕوانگەی چەمکی ئەرکدا کارناکات. ویستی خودا چاکە، و ماقول نییە کە بڵێین ئەو بەئەرکی خۆی هەڵدەستێت. بەڵام لە ناو مەخلوقە سنوردارەکان یان بە لایەنی کەم دروستکراوە سنوردارەکان وەکو مرۆڤدا هەندێک ((سنورداریەتی بکەر)) بونی هەیە ویستی مرۆڤ بەتەواوەتی ویستی چاکە نییە بەڵکو لە ژێر کاریگەری مەیل و خواستی هەستەوە، کە ڕەنگە ببنە بەربەست لەبەردەم ویستی چاکەخوازی ئەودا. کەواتە ئەو کردەوە چاکانەی کە سەرەڕای بونی ئەم بەربەستانە بەناچاری تێیاندا دەردەکەوێت، بە شێوەی کۆمەڵێک ئەرک خۆیان پێشاندەدەن، واتە ئەو کردەوانەی کە بەپێچەوانەی ئەم بەربەستانە دەبێت ئەنجام بدرێن. (پیتن،١٣٩٧،ص١٦٢).

کانت پێداگری لەوە کردوە، کە پێوەری چاکە لە ڕێگەی دەرئەنجامەکەی دیاریناکرێ، بەڵگەی کانت ئەوەیە زۆرجار مرۆڤی دڕندەش لەخۆوە کارێکی باش دەکات، ئەمەش واناکات ویستی شەڕانگێزانەی ئەو کەسە بەرەو چاکە بگۆڕدرێت. کردارێکی چاکە کە بەمەبەستی حەزی تاکە کەسی یان خزمەتی کۆمەڵایەتی دەکرێ خاوەن بەهای ئاکاری ئەرێنی نییە، ئەگەرچی هەندێک کردار هەن لەگەڵ ئەرکدا دێنەوە، بەڵام مەبەست لێیان جێبەجێکردنی ئەرک نەبوە، بۆیە کانت جیاوازی دەکات لەنێوان ئەو جۆرە کردارانە بۆنمونە کاتێک فرۆشیار پارەیەکی دادوەرانە لە کڕیار وەردەگرێت لێرەدا کارەکەی لەگەڵ ئەرکدا یەکدەگرێتەوە بەڵام بۆ جێبەجێکردنی ئەرک نییە (مەبەست لێی جێبەجێکردنی ئەرک نییە، بەڵکو پاڵنەرێک هەیە جا پاڵنەرەکە هەرچییەک بێت) بەلای کانتەوە کردارێک بەهای ئاکاری هەیە کە مەبەست لێی جێبەجێکردنی ئەرکە، بۆیە ئەم وتەیە لەکانت گێڕدراوەتەوە کە وتویەتی: (کاتێ کە لە خەودا بوم وامدەزانی ژیان تەنیا چێژە، هەرکە لەخەو هەڵسام زانیم ژیان ئەرکە).( کاکی،٢٠١٤،لا٩٠-٩١)

ویستی چاکە- لە هەلومەرجی ئینسانیدا- ویستێکە کە بە هۆی ئەرکەوە کاردەکات، دەبێت سەرەتا ئەو کردارانەی کە بەهۆی ئەرکەوە ئەنجام دەدرێن جیابکرێنەوە و دیاری بکەین، کە ئایا ئەم بەهایە بەرزەیان هەیە، کە خستومانەتە پاڵ ویستی چاکەوە. ئەمە ڕاستە، کە کردارەکان ناتوانن هەمان ئەو چەشنەی چاکەی ڕەهایان هەبێت کە ئیرادەی چاکە هەیەتی، چونکە کرداری چاکە دەبێت لەگەڵ دۆخێکی تایبەتدا بەراورد بکرێت. وادیارە کە کانت کاتێک لەبارەی کردارەوە دەڵێت: ((لە خودی خۆیدا چاکە)) بەڵام لەبارەی ویستەوە دەڵێت: ((ڕەها و لە هەمو ڕویەکەوە چاکە)) باس

لەم جیاوازیە دەکات. کەواتە ئەگەر بمانەوێت هەڵسەنگاندنێک بکەین بۆ کرداری چاکە بەپێی ئەو ویستەی کە تێیدا سەریهەڵداوە، دەتوانین رەچاوی جیاوازییە وردەکان نەکەین و بڵێین کە کردارێکی ئاوا، دەستکەوتێکە لە هەمان چاکەیەک ڕەنگەکەی ویستی چاکەخوازی. (پیتن،١٣٩٧ ،ص٦٣).

ئایا کردارە ئەرکییەکان لە هەستکردن بەئەرکی سەرشان یاخود لەهەستی سودی خۆیەتییەوە کەوتونەتەوە؟ سەخت وگرانە ئەم جیاوازییە بزانرێت کاتێک کردارەکان بەپێی ئەرکی سەرشان دەبن و مرۆڤ مەیلێکی ڕاستەوخۆی بۆکردنی هەبێت بۆنمونە: ئەوەی بازرگان گرانتر شت بە کەسی ناشارەزا بفرۆشێ، بەڵکو دەبێ بەهەمو کەس بەیەک نرخ بفرۆشێت، کەوابو لێرەدا مرۆڤ بەپاکییەوە کاردەکات، بەڵام ئەمە بە تەنیا بەس نییە وامان لێبکات بڵێین ئەم بازرگانە بەپێی ئەرکی سەرشانی و بنەماکانی دەسپاکیەوە جوڵاوەتەوە، بەڵکو سود و قازانجەکەی بۆتە مایەی ئەم کردەوەیەی، هەروەها ناکرێ مرۆڤ وای دابنێ، کە ئەم بازرگانە جۆرە مەیل و سۆزێکی ڕاستەوخۆی بەرامبەر مشتەریەکانی هەبوەو ئەم سۆزەی وای لێکردوە لە فرۆشتنەکەدا جیاوازی لە نێوانیاندا نەکات، کەوابو ئەم کارە نە لە هەستکردن بەئەرکی سەرشان و نەلەمەیلی ڕاستەوخۆوە کەوتۆتەوە، بەڵکو هاندەرەکەی تەنیا سودو قازانجی خۆیەتی بوە. (کانت،٢٠٠٧،ل٢٥).

ئایا چۆن ئەرک لەناو کردارەکانماندا بدۆزینەوە؟ چونکە هەندێ کردار هەن لەگەڵ ئەرکدا کۆک دێنەوە، بەڵام لەسۆنگەی ئەرکەوە ئەنجام نەدراون. بەڵکو ئەنجامدەرانی لەسۆنگەی بەرژەوەندی یان قازانج وسودەوە ئەنجامیان داون.

کانت سەبارەت بە پرسی ئەو کردارانەی کە لەگەڵ ئەرکدا یەکسانن، سێ جۆری سەرەکی دیاری دەکات:

١-ئەو کردارانەی کە بەهۆی حەزە بێ واستەکان (ڕاستەوخۆ) ئەنجام دەدرێن.

٢- ئەو کردارانەی کە نەک بەهۆی حەزە بێ واستەکان، بەڵکو بەهۆی خۆویستیەوە ئەنجام دەدرێن.

٣- ئەو کردارانەی کە نەک بە هۆی ئەو دو چەشنەی سەرەوە، بەڵکو بەهۆی ئەرکەوە ئەنجام دەدرێن. کانت پێی وایە ئەو کردارانەی کە بەهۆی خۆویستییەوە ئەنجام دەدرێن، شیمانەی تێکەڵبونیان لەگەڵ ئەو کردارانە نییە، کە بەهۆی ئەرکەوە ئەنجام دەدرێن، بەڵام ئەو کردارانەی کە بەهۆی حەزە بێواستەکانەوە (ڕاستەوخۆ) ئەنجام دەدرێن شیمانەی تێکەڵبونیان هەیە. هۆکاری ئەم شتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەکاتی کارکردن بە هۆی ئەرک و کارکردن بەهۆی حەزی بێواستەدا، لەسەروی خودی کردارەکە سەرنجمان لەسەر ئەنجام یان ئامانجێکی دورنییە. کەواتە بۆ ئەوەی کە بەتەواوی دڵنیابین، کە خەریکی دیاریکردنی بەهای ئەو کردارەین، کە بەهۆی ئەرکەوە ئەنجام دراوە، کانت داوامان لێدەکات کە حەزی بێ واستە (ڕاستەوخۆ) پەراوێزبخەین و بەبێ ئەو هەڵسەنگاندن بۆ بەهای کردار بکەین.(پیتن،١٣٩٧،ص٦٤).

کەواتا ئەو کردارەی لەئەرکی سەرشانەوە دەکەوێتەوە، نابێت هیچ پاڵنەرێکی هەست وسۆزو سودمەندی و ئارەزوی لەپشتیەوە بێ (هاندەریبێ)، بەڵکو تەنها بەهۆی هەستکردن بەئەرکی سەرشانەوە ئەو کردارەوە بنوێنێ و

بەپێچەوانەوە پاراستنی ژیان ئەرکی سەرشانە، و لە هەمو کەسێکدا مەیلێکی ڕاستەوخۆ لەبارەیەوە هەیە، و مشورخواردن و نیگەرانی و پەشێوی کە لەزۆرترین کەسدا هەیە هیچ بایەخێکی ناوەکی و ناوخۆیەتی نییە و بنەمایەک و هیچ جۆرە ناوەڕۆکێکی ئاکاری نییە، ڕاستە ئەوان بەپێی ئەرک وفەرمانی سەرشانیان ژیانیان دەپارێزن بەڵام ئەم کارەیان لە هەستکردن بەئەرکی سەرشانەوە نەکەوتۆتەوە. بەپێچەوانەی ئەمەوە کاتێک ناخۆشی وبێ هیوایی تام وچێژ لەژیان دەبرن، کاتێک مرۆڤ کلۆڵبو بەدەست نەفسی و بەتوندی هەست بەتوڕەبون دەکات لەو چارەنوسەی دوچاری بوە، پتر لە هەستکردن بەبەزەیی و کۆڵدان و هیوای مردن دەخوازێ، کەچی لەگەڵ ئەمەدا ژیانی خۆی دەپارێزێ بەبێ ئەوەی ژیانەکەی خۆی خۆشبوێ ئەمەش نەبەهۆی مەیلەوەیەو نەبەهۆی ترسەوەیە، بەڵکو بەهۆی ئەرکی سەرشانەوەیە، لێرەدا بنەماکەی ناوەڕۆکێکی ئاکاری دەبێت.(کانت،٢٠٠٧،ل٢٦)

لێرەوە پێمان وایە لەناو خودی وێناکردنەوەی ئەرکدا بیرکردنەوە لە کۆمەڵێک مەیل و خواست دێت، کە دەبێت ویستی چاکە زاڵبێت بە سەریاندا، ویستێکی بێگەرد، کە خۆی لە کردەوەی چاکەدا بەدیاردەخات بەبێ گوێدانە مەیل و حەزەکان. کەواتا کردار ناتوانێت ئاکاری بێت تەنها لەو دۆخەدانەبێت کە لەئەرکەوە یاخود لەهەستی ئاکاری ناوەوە سەرچاوەی گرتبێت، واتە لەڕوانگەی کانتەوە پابەندبون بەیاساو دابونەریت و ئاین ناتوانرێت ناوبنرێت کرداری ئاکاری. ویستی چاکە خوازانەی مرۆڤ ئەو ویستەیە کە بەگوێرەی ئەرک ڕەفتاردەکات.

## سێیەم: جۆرەکانی ئەرک

کانت کۆمەڵێک نمونەی لەسەر ئەرکی تەواو ئەرکی ناتەواو سەبارەت بەخۆی و سەبارەت بە کەسانی دیکەش دەستەبەر کردوە. لەم خشتەیەی خوارەوە پۆلێنی کردوە:

| جۆرەکانی ئەرک | ئەرک سەبارەت بەخۆ | ئەرک سەبارەت بەکەسانیتر(تاک، کۆ) |
|---|---|---|
| **ئەرکی تەواو** | خۆت مەکوژە | پەیمانی درۆ مەبەستە |
| **ئەرکی ناتەواو** | تواناکانت پەروەردە بکە | بەخشندە(چاکەکاری)بگرەبەر |

هەرچەندە کانت یەکەم بیرمەندنەبوە، کە لەنێوان ئەرکی تەواو ناتەواو جیاوازی داناوە، بەڵام ئەو جیاکارییەی ئەو دایناوە لەگەڵ جیاکاری بیرمەندانی پێش خۆی ناگونجێت. بەپێی بەکارهێنانی چەمکەکانی کانت ئەرکی تەواو ئەرکێکە دەبێ سەرجەم کردارەکانی مرۆڤ لەگەڵیدا بگونجێ. ئەرکی تەواو ئەوەیە ڕێگری یاخود دژی کردەوە دزێوەکان بین وەکو کوشتن و دزی و.... هتد هیچ کات و لە هیچ هەلومەرجێک ئەنجامیان نەدەین. بەڵام ئەرکی ناتەواوەکان ئەو بنەمایانە دەگرێتەوە، کە دەشێ ڕەچاوبکرێت، بەڵام مەرج نییە سەرجەم کردارەکان یان دانە بەدانەی کردارەکانی مرۆڤ ئەرکی ناتەواوی جێبەجێبکەن. کەواتا کانت جیاوازییەک دادەنێت لە نێوان ئەرکی تەواو ناتەواو، ئەرکێک کەدەبێ دانە بەدانەی کردەوەکانی مرۆڤ لەگەڵیدا بگونجێ، ئەرکێک کە مرۆڤ چارەی نییە جگە لەوەی دەبێ

بنەمایەک هەڵبژێرێ. فرمانی ڕەها دەڵێ: (کردارت بەپێی ڕێسایەک بێت، کە بکرێت ببێت بەڕێسایەکی گشتی) تاقیکردنەوەی ئەرکی تەواو لەسەر ئەم بنەمایە دەوەستێت. ئایا مرۆڤ دەتوانێت ئیرادە بکات کردارەکەی بەپێی ڕێسایەک بێت، کە ببێتە ڕێسایەکی گشتی. بەڵام ئەرکی ناتەواو لەسەر ئەم پرسیارە چەقی بەستوە، ئایا مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە ئیرادە بکات ڕێسا بۆ یاسا بگۆڕێت؟.(کاکی،ب٦،٢٠١٩،ل١٢٩–١٣٠).

## - ئەرکەکان بەرامبەر بەئەویتر:

ئامانجی سروشتی لای هەمو کەس گەیشتنە بە بەختەوەری. ڕاستە مرۆڤایەتی دەشێت بمێنێتەوە، ئەگەر هیچ کەس بەژداری لە بەختیارکردنی ئەوانی تردا نەکات. لە کاتێکدا کە لە ئازاردانیان بەدەستی ئەنقەست و پێداگرانە دوربکەوێتەوە، بەڵام ئەمە لەتەبایەکی نەرێنیانە، بەولاوە زیاتر نییە، نەک تەباییەکی ئەرێنیانە، لەگەڵ مرۆڤایەتیدا لەو ڕوەوە، کە مرۆڤایەتی ئامانجێکە لەنێو خۆیدا، ئەگەر مرۆڤ لەهەمان کاتدا هەوڵی ئەوە نەدات، کە بەپێی توانا دەستگیرۆیی لەبەرجەستەکردن یاخود هێنانەدی ئامانجەکانی ئەوانی تریشدا نەکات. چونکە لەو ڕوەوە کە خود ئامانجێکە لە نێو خۆیدا، پێویستە کە ئامانجەکەی بەپێی توانا، ئامانجەکانی من بێت، تاکو ئەم چەمکە لای من هەمو کاریگەرییەکانی دابنێت. ئەم بنەمایەش، کە پێویستە بە گوێرەی وەک ئامانجێک لەنێو خویدا لە مرۆڤایەتی و لەهەمو بونەوەرێکی ژێر بروانێت، لە ئەزمونەوە وەرنەگیراوە، بیرۆکەی ویست لەنێو هەمو بونەوەرێکی ژێردا، وێناکراوە لەو ڕوەوە، کە ویستێکە بناغەداڕێژیی بۆ یاسادانانێکی هەمەکی دەکات. ئەگەر ئەم بنەمایەیش بەرجەستەببێت و خەڵکیی بەربنەمای ئەوەی کە برێک ئامانجن مامەڵەی یەکتربکەن، نەک بەربنەمای ئەوەی کە برێک ئامرازن، ئەو کات بەهۆی برێک یاسای بابەتی هاوبەشەوە، پەیوەندییەکی ڕێکخراو لە نێوان بونەوەرە ژێرەکاندا دروست دەبێت، واتە شانشینێک کە دەشێت بە (شانیشینی ئامانجەکان)٦ ناودێربکرێت (کە لەڕاستیدا لە نمونەیەکی باڵا بەولاوە پتر نییە)، چونکە ئەم یاسایانە ئامانج لێیان پەیوەندی ئەم بونەوەرانەیە لەگەڵ یەکتریدا لەو ڕوەوە کە ئامانج و ئامرازن. (بەدەوی،ب٢، ٢٠٢٠،ل١٠٤–١٠٦)

ئەوەی بەڵێنی درۆ بە کەسانی تر دەدات، یەکسەر بۆی دەردەکەوێ کە دەیەوێ مرۆڤێکی تر تەنیا وەک ئامراز بەکاربهێنێ، بەبێ ئەوەی ئەمەی دوایی لە هەمان کاتدا لە خۆیدا مەبەستی تێدابێ، ئینجا ئەو کەسەی کە من بەهۆی بەڵێنی درۆوە بۆ مەبەستی خۆم بەکاریدەهێنم بەو شێوازەی من گرتومەتەبەر قایل نابێ و لەخۆیدا ئامانجی ئەم کردارەی تێدا نییە. ئەم ناکۆکی و ناتەباییە لەگەڵ بنەمای کەسانی تر باشتر دێتە بەرچاو ئەگەر نمونەی دەستدرێژی کردنە سەر ئازادی کەسانی تر و موڵک و سامان و ماڵیان بداتە دەست، ئەوکات دەردەکەوێ و ڕون دەبێتەوە ئەو کەسەی مافی کەسانی تر پێشێل دەکات دەیەوێ کەسایەتییەکان تەنیا وەک ئامرازێکی ڕوت و سادە بەکاربهێنێ، بەبێ ئەوەی لەبەرچاوی بێت کە ئەوان بەو شێوەیەی جەوهەری ژێرین، دەبێ هەمیشە و لەهەمان کاتدا بەچەند مەبەست و ئامانجێک دابنرێن.(کانت،٢٠٠٧،ل٧٧).

**- ئەرک بەرامبەر بەخۆ:**

بەپێی چەمک و بۆچونی فەرمانی ناچەرەکی بەرامبەر بەخۆ، ئەوی بیەوێ خۆی بکوژێ لەخۆی دەپرسێ، ئایا ئەم کردارەی لەگەڵ بیرۆکەی: مرۆڤ لەخۆیدا ئامانجە دەگونجێ و تەبایە؟ ئەو، ئەگەر بۆ خۆقوتارو دەربازکردن لەڕەوش و دۆخی ئازارو ئەشکەنجە و ناخۆش خۆی لەناوبەرێت، ئەوە ئەو کەسێک بۆ پاراستنی ڕەوشێک کە کۆتایی ژیان لەگەڵی تەبایەو هەڵدەکات و وەک ئامراز بەکاردێنێت، بەڵام مرۆڤ شت نییە، هەروەها شتێک نییە وەک ئامراز بەکاربهێنرێت، بەڵکو دەبێ هەمیشە لەهەمو کردارەکانیدا وەک ئامانجێک لەخۆیدا تەماشا بکرێت و سەرەنج بدرێت. من هیچ مافی ئەوەم نییە مرۆڤێک لەکەسایەتی مندا وا بەکاربهێنم هەروەک ئەوەی لەبەردەستی مندایەو بیشێوێنم، یاخود تێکی بدەم یان بیکوژم (دەبێ لێرە دەست لەوە هەڵگرم لە نزیکەوە ئەم بنچینەیە دیاری بکەم، بۆ ئەوەی هەمو جۆرە بەهەڵە تێگەیشتنێک دوربخەمەوە، بۆ نمونە بڕینی ئەندامێکی لەش بۆ ئەوەی خۆم ڕزگاربکەم یاخود خۆم ڕوبەڕوی مەترسی بکەمەوە بۆ ئەوەی ژیانم بپارێزم..تاد، ئەم جۆرە دەستنیشانکردنە سەر بەئاکاری تایبەتییە).(کانت،٢٠٠٧،ل٧٦).

**چوارەم: ئازادی وئەرک**

کرداری ئاکاری پێویستی بەئازادییە ئایا ئازادی شیانی بونی هەیە؟

لێکۆڵینەوە لە سروشت و واقیع پێمان دەڵێت، کە ئازادی نادۆزرێتەوە، چونکە شتەکان تەنیا ئەوکاتە شیاوی دەرککردنن کە پەیڕەوەی لە پەیوەست بونی یاسایەکی سروشت بکەن. لەم ڕووەوە هەمو جۆرە زانینێک دان پێدانانە بەو بۆچونەی کە گوایە ئازادی نادۆزرێتەوە. بەڵام هەبونی ((دەبێت))ێکی ئاکارییانە پێمان دەڵێت، کە ئازادی بونی هەیەو من ناتوانم نەچمە ژێر باری دەنگێکەوە (ویژدان)، کە پێم دەڵێت چ شتێک ڕاستەو چ شتێک ڕاست نییە، فرمانی ڕەها بنەمای ئەم تێڕوانینەی ژێر دەردەخات. (دەبێت هۆکارێکە بۆ توانین. کەواتە ئازادی بونی هەیە. (یاسپرس،١٣٩٠،ص١٨٧). کانت لە پێشەکی کتێبی (ڕەخنەی ژیری کرداری)دا دەڵێت: (چەمکی ئازادی لەنێو هەمو ئایدیاکانی دیکەدا تاکە ئایدیای تیۆرییە، کە ئێمە لەبارەیەوە شیانی ئەو بە شێوەیەکی ئاپریۆری دەزانین، مەرجی یاسای ئاکارییە، کە ئێمە لەبارەیەوە زانینمان هەیە، (واتە لەبارەی ئەو یاسا ئاکاریەوە)).(کانت، ٢٠١٥،ل٢٧).

کانت دەبێژێ: ((ئازادی ویاسایی کرداری بێمەرج هەردوکیان بەرەو لای ئەوەی دیکەیان دەگەڕێنەوە. من لێرەدا پرسیار لەسەر ئەوە ناکەم ئاخۆ ئەوان لەکردەشدا لەیەکتر جیاوازن یان ئەوتا یاسای بێمەرج خۆی ئاگاییەکە، کە لەعەقڵی پەتی کرداریدایە، بەڵام ئەمە بەتەواوەتی لەگەڵ چەمکی پۆزەتیڤی ئازادیدا یەکانگیر دەبێت. بەڵکو ئەوەی من دەمەوێت بپرسم ئەوەیە، کە ئایا مەعریفەی ئێمە وەک مەعریفەیەکی کرداری بێمەرج لەکوێوە دەست پێدەکات؟ ئایا ئەو مەعریفەیە لەئازادیەوە دەستپێدەکات یان لە یاسای کردارییەوە؟ ئەوەی پەیوەستە بەئازادیەوە ئەوەیە من ناتوانم

لەئازادی خویەوە دەستپێبکەم، چونکە لەو کاتەدا توانای دەستنیشان کردنیمان نییە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وئاگاییەکی تەواومان لەبارەیەوە نییە، ئەویش لەبەرئەوەی چەمکی یەکەمی ئەو لەسەرەتادا چەمکێکی نێگەتیڤە، ناشتوانین لەئەزمونەوە ئاماژە بەبونی ئەو (ئازادی) بکەین، چونکە ئەزمون تەنها ئەوەمان پێدەبەخشێت تا بتوانین لەو ڕێگەیەوە لەبارەی یاسای دەرکەوتەکانەوە شت بزانین، پاشان سەبارەت بەمیکانیزمی سروشت، ئەمەش ڕاستەوخۆ پێچەوانەی ئازادییە. بەم شێوەیە ئەوە ئەو یاسا ئاکارییە کە ئێمە ڕاستەوخۆ ئاگایمان لەبارەیەوە هەیە، کاتێک پێش هەمو شتێک خۆی لەبەردەم ئێمەدا نمایش دەکات پاشان لەوەدا کە عەقڵ بنەمای دەستنیشانکردنی پێدەبەخشێت، بەبێ ئەوەی هیچ مەرجێکی هەستەکی بۆ دابنێت، بەڵکو بە تەواوەتی سەربەستە لەو مەرجانە ئەم کارەش ڕاستەوخۆ بەرەو چەمکی ئازادیمان دەبات)). (کانت،٢٠١٥،لا٨٥-٨٦).

به بۆچونی کانت کرداری ئاکاری پشت بەئازادی دەبەستێت، و دەبێت دەرکەوێت بەڕێگەیەکی خۆکردیانە دور لەپەیوەندی نێوان هۆکارو ئەنجام، و ئەمەش واتای ئەوەیە چاکەکاری وبەختەوەری یەکێکیان نابێتە هەڵگیراوی ئەویتر، بەڵام حەزو ئارەزو ئەوە ڕوندەکاتەوە کە یەکێکیان هەڵگری ئەویتریانە، کانت سێ مەلەکە بەکاردەهێنێت وەک خەیاڵ و تێگەیشتن و ژێر کورتکراوەی بنەمایەکی سروشتی ناجێگیر بۆ پەیوەندی نێوان بەختەوەری وچاکەکاری و ئازادی کە ناکرێت یەکێک لەم سێ چەمکە ببێتە مەرج بۆ دیاریکردنی ئەویتر. (وانت،کلیموفسکی،٢٠٠٢،ص٩٨-٩٩)

بیرۆکەی ئازادی لە فەلسەفەی کانتدا جۆرە ئالۆزیەک بەخۆوە دەگرێت. ئایا ویست سەربەستە یان وابەستە بەیاسای هۆکاریی و سروشتەوە؟ ئێمە دەزانین مرۆڤ لەنێو سروشدایە و ڕاستەوخۆ کار لەسەر دیاردە سروشتەکان دەکات و دیاردەکانیش کاری تێدەکەن، لەبەر ئەم کارتێکردنە، دەبێت کردەوەکانی مرۆڤ لەبەر ڕۆشنایی یاساکانی سروشدا هەڵسەنگێنرێن و زانستیانە شیبکرێتەوە سەرباری ئەمە، مرۆڤ هەمیشە لەئاستی کردەوەکانیدا بەبەرپرس دادەنرێت. ئایا ئەمە ناکۆکی دروستناکات؟ چۆن مرۆڤ بەرپرس بێت لەکاتێکدا هۆکارێکی دەرەکی ناچاری دەکات کارەکانی بکات؟ ئایا بیرۆکەی بەرپرسیارێتی ئەو واتایە ناگەیەنێت کە مرۆڤ سەربەستە؟ (کەمال،٢٠١٧،لا٢٦٤).

کانت ئایدیای ئازادی لە ژێری پەتیەوە دەگوازێتەوە بۆ ژێری کردەکی، لە ژێری کردەکیدا جەخت لەسەر ویست دەکاتەوە. ویست ڕودەکاتە دیاردەکان و بابەتە ویستراوەکان لەژیانی ڕۆژانەدا، کەواتە ویست خۆی بەدیاردەکانەوە سەرقاڵ دەکات و ئازادنییە، تاکە کەس بۆتێرکردنی حەزو ئارەزوەکانی پەیڕەوی لە یاساکانی خۆی دەکات، کە کانت بە(maxim) ناویان دەبات لەم دۆخەدا ویست پەیڕەوی لە یاسای ئاکاری ناکات. چونکە یاسای ئاکاری کانت لەسەر حەزو ئارەزوی تاکە کەسێک دانامەزرێت، بەڵکو دەبێت هەمەکی و ڕەها بێت، دامەزراندی یاسای هەمەکی و ڕەها دەکەوێتە نێو دەسەڵاتی ژیریەوە، ژێر یاسا بۆ ویست دادەنێت، ژێر جڵەوی ویست دەگرێتە دەستی و پراکتیکیانە بەکاریدەهێنێت. بەڵام ئازادی لەسەرکێشی و شکاندنی یاسادا نییە بەڵکو لەپەیڕەوکردنی یاسا دایە. چۆن ئازادی مسۆگەر دەکرێت لەکاتێکدا ویست لە ژێر کاریگەری ژێریدایە؟ ئایا ئەمە پارادۆکس نییە؟ ویست چۆن لە

ژیری کردەکیدا ئازادانە کاردەکات؟ کانت بۆ ئازادکردنی مرۆڤ هەوڵیدا (خۆ) لەژێر کاریگەری سروشت و یاساکانی سروشت ڕزگاربکات. خۆ وەکو هەبویەکی ئاگامەندو خاوەنی توانایی ژیری دەتوانێت دور لە دیاردەکان بیربکاتەوە و یاسا ئاکارییەکان دابنێت، ئەم چالاکی و کاریگەرییە ناوەکیەو خودی (خۆ) دەبێت بە سەرچاوەی یاسا ئاکارییەکان ئەوەی یاسا دادەنێت ژیرە نەک هۆکارێکی دەرەکی خودی خۆ دەبێت بەهۆکارو هۆکرد ئەمە واتای ئازادییە، و مادام ئەم ئازادییە لەنێو خۆدایە و وابەستەی دیاردە سروشتەکان نییە کەواتا ئازادیەکی ترانسێندێنتالە، ویست لەپەیڕەوکردنی یاساکانی ژیردا ئازادیەکەی خۆی دەسەلمێنێت. واتە ویست لەنێو خویدا سەربەخۆو ئازادە. (کەمال،٢٠١٧،ل٢٦٦-٢٦٨)

ئازادی ترانسێندێنتال واتایەکی پۆزەتیڤانەی ئازادیە کە لە واتا نێگەتیڤەکەی جیادەکرێتەوە سەربەستی بە واتا پۆزەتیڤەکەی، دانانی ویستە لەژێر دەسەڵاتی هۆش و پەیڕەوکردنی لەیاسا ئاکارییە هەمەکییەکانە لە واتا نێگەتیڤەکەشدا، (ویست) وابەستە بونی بە حەزو ئارەزوە هەندەکییەکانەوە ڕەتدەداتەوە. لە یەکەمیاندا داکۆکیکردنە لە پەیڕەوکردنی لەیاسا و دوەمیش ڕەتدانەوەی کارتێکردنی ئارەزوی هەندەکییە. لە هەردو واتاکانی سەربەستیدا، کانت چەمکی (ئەرک) لەبیر دەرناکات و لەگەڵ سەربەستیدا دایدەنێت. سەربەستی لەئەرکی بەرپرسیارێتی جیانابێتەوەو دەبێت(خۆ) یاسا ئاکارییەکان فەرامۆش نەکات. تەنها لەم حاڵەتەدا، لەگەڵ ئەرکی پەیڕەوکردنی لەیاساکان(فەرمانەکاتیگۆرییەکان) و هەستکردن بەبەپرسیارێتی(خۆ)، دەتوانێت پۆزەتیڤانە سەربەست بێت. سەربەستی لەیاسا شکاندن نییە، چونکە یاساکان سروشتی نین و لەدەرەوەی خۆدا پەیدانەبون تاکو (خۆ) ناچاربکەن. خۆ یاساکان دادەنێت و بەسەر خۆیدا دەیان سەپێنێت. (کمال،٢٠١٧،ل٢٦٨).

واتای ئازادی بۆ فەلسەفەی تیۆری بە واتای شتێک کە بۆلای ئەو ڕێدەکات دێت، چونکە هیچ نمونەیەکی گونجاو لەئەزموندا بۆ ئازادی نادۆزرێتەوە، بەڵام کانت لەناو بنەماکانی کرداری کە ژێرخانی بەکاربردنی واتای ئازادی دەستی دەگاتە دڵنیایەک لەبارەی ئازادیەوە(دەبێت)و(توانین) لەخۆدەگرێت. ویستە ئاکارییەکان تەنها ئەوکاتە واتایان دەبێت، کە مرۆڤ ئازادانە دەرفەتی ڕەخساندی ئەوانی هەبێت. کانت فێری وەدەستهێنانی ئاگامەندێکی زۆر قورس و قوڵمان دەکات بەڵام تەنها لەڕێگەی کرداری ئاکاریانەیە، کە دەرفەتی پەیڕەوکردنی دەدات بە ئێمە. (یاسپرس،١٣٩٠،ص١٩٢-١٩٤).

## باسی چوارەم: بنەمای ئاکاری کانتی

### یەکەم: فەرمان چییە؟

کانت بەم شێوەیە پێناسەی فرمان دەکات: ((وێناکردنی بنچینەیی و ڕاستەقینەیە چونکە ویست هان دەدات، و بەبڕیاری ژیر دەناسرێتەوە و شێوەبەندی ئەم بڕیارەش بە فرمان ناودەبرێت)) لەم پێناسەیەوە وادەردەکەوێت، کە واپێدەچێت کانت جیاوازی نەکات لە نێوان فەرمان (امر) و بڕیار (الحکم). دەکرێ چاوپۆشی لێبکەین. لایەنێکی تری

ئەوەیە لە کاتێکدا کە ژێری کرداری ویست ڕێگرنەبێت لەبەردەمی بەگشتی دەڵێت: (من ویستی ئەوەم هەیە.) بەڵام کاتێک حەزو ئارەزو ڕێگردەبێت لەبەردەم ژێری کرداری ناچارە بڵێت: (من دەبێت). بەم شێوەیە کۆمەڵێک ڕێسای باش لە هەلومەرجی مرۆڤبون وسنورداریەتی مرۆڤ بەناچاری سەر هەڵدەدەن، مرۆڤەکان لەگەڕان بەدوای بەختەوەریدا و تەنانەت بەکارهێنانی ئامرازەکان لەگەیشتن بە ئامانجەکانیان بەتەواوی ژێرنین.(پیتن،١٣٩٧،ص١٧٠).

## دووەم: جۆرەکانی فەرمان:

بنەماکانی چاکەخوازی بەو جۆرە دەردەکەون، کە بڕێک فەرمانن، واتە بڕێک بنەمان بۆ بەگوێکردن وپێوە پابەندبون. بەئەندازەی ئەوەی کەچاکەو خێر هەن فەرمان هەن و بەگشتی خێرو چاکەکانیش ئەم سێ جۆرەن: ١- بەسودو چاک وەک ئامرازێک. ٢- خێرو چاکە سەبارەت بەمن، یاخود خێرو چاکەی من. ٣- خێرو چاکە بەواتا ئاکارییەکەی.

فەرمانەکان بەسەر دو جۆردا دابەش بون، کە یان بە مەرج فەرمان دەدەن یان بەبێ مەرج.

## ١- فەرمانی گریمانەیی یان فەرمانە مەرجدارەکان:

ئەو فەرمانەن، کە ڕەفتارکردنی بەپێویست نازانن، تەنها وەک ئامرازێک نەبێت لە پێناوی ئامانجێکدا، بەم هۆیەشەوە ئەوەی کە لەبارەیەوە فەرمان دەکات ملکەچی ئەم ئامانجانە دەکات، وەک ئەوەی کە ئامانجەکە مەرجێک بێت بۆی. (بدوی،ب٢،٢٠٢٠،ل٨٥). کانت دەبێژێ: (ئەگەر بێت و کارەکە هەر لەبەرئەوە چاک بێت، چونکە شتێکی تر بەدیدەهێنێ (ئامانجێکی هەیە)، ئەوە فەرمانی ڕەهای گریمانەیی (مەرجدار) دەبێ، بەڵام ئەگەر بەو شێوەیە دامانناکە لەخۆیدا چاکەیەو لە خواستێکدا کە لە خۆیدا لەگەڵ ژێر تەبایە ناچارەکییە وەک بنەمایەکی ئەم خواستە، ئەوە ئەو کاتە فرمانێکی ڕەها دەبێ). (کانت،٢٠٠٧،ل٥٣). فەرمانی ڕەها ئەوە ڕون دەکاتەوە، کە کردارێک بەبێ ئەوەی پەیوەندی بە مەبەستێکەوە هەبێ واتا بەبێ ئەوەی ئامانجێکی هەبێ لەخۆیدا ناچارەکی و بابەتیانە دەبێ وەک بنەمایەکی ناچارەکی کردەکی دابنرێت. فرمانی ڕەهای گریمانەیی کراو کە ناچاری کردار وەک ئامرازێک بۆ بە دەستهێنان و گەیشتن بە بەختەوەری نیشان دەدات، ئەم مەبەست و نیازە بەدڵنیایی و پێشیانە، وەک مەرج لە هەمو کەسێکدا هەیە و ئەمە بەشێکە لەجەوهەرەکەی. کەواتە ئەگەر فرمانی ئاکاری پەیوەندی بە هەڵبژاردەی ئەو ڕێگایانەوە بو، کە بەختەوەریمان بە دابیندەکەن. ئەو کاتە فرمانەکە گریمانەیی دەبێ لە فرمانی گریمانەیی کاروکردار تەنیا ڕێگایەکە بۆ گەیشتنە مەبەستێکی تر بەڕونتر دەری ببڕین تەنها ئامرازێک دەبێت بۆ گەیشتن بەئامانجێک. بەڵام ئەگەر فرمانی ئاکارییەکە هیچ مەبەست و ئامانجێکی نەبێت بێ قەید و مەرج ئەمە فرمانێکی ڕەهاو بێ سنورە. بڕوانە:(کانت،٢٠٠٧،ل٥٥-٥٦). هەروەها کانت ئاماژە بەجۆرێکی تری فرمان دەدات کە بریتیە لە فەرمانی بەهرەمەندی، هەمو زانستەکان لایەنێکی کرداریان هەیە لەو ئەرکە پێکهاتون، کە دەکرێ ئامانجێک لە ئامانجەکان

بەدیبهێنن، و بەهۆی چەند فرمانێکی ئاکاریانە نیشانی دەدەن چۆن مرۆڤ بەم ئامانجە دەگات، ئایا ئامانجەکە ژیرانە یا چاکەکارییە ئەوە هیچ بە لامانەوە گرینگ نییە، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە چی بکەین بۆ ئەوەی بەو ئامانجە بگەین، بۆ نمونە ئەو ڕێوشوێنانەی پزیشک پەیڕەویان دەکات بۆ ئەوەی نەخۆشێک بەتەواوەتی چاک ببێتەوە، و ئەوەی پێویستە ژەهر فرۆشێک پەیڕەویان بکات بۆ ئەوەی مرۆڤێک بەتەواوەتی بمرێت لە بەهاو بایەخدا وەک یەکن، چونکە ڕێوشوێنەکەیان هەردوکیان دەبنە مایەی ئەوەی هەردوک لایان بە ئامانجەکەیان بگەن. (کانت،٢٠٠٧،ل٥٦-٥٨).

## ٢- فەرمانی ڕەها:

لێرەدا کانت پرسیارێک دێنێتە پێشەوە چۆن ئەم هەمو فرمانە ئاکاریانە شیاوەکین؟! وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە پێوستی بە چۆنیەتی ئەنجامدانی کارەکەوە نییە کە فەرمانی داوای دەکات بەڵکو پەیوەستە بەوەی چۆن ناچارەکی ویست کە لە ڕێگەی فەرمانی ئاکارییەوە وەک جۆرێکی ئەرکی سەرشان دەریدەبڕێت وێنەکەی لەمێشکدا بنەخشێنێت، بڕوانە: (کانت،٢٠٠٧،ل٥٧).

فەرمانی ڕەها هیچ کات ڕێگەنادات خواست بە ئارەزوی خۆی و بەپێچەوانەی ئەوەی ئەو دەیەوێت شت هەڵبژێرێت و بیکات فەرمانی ڕەها تەنیا خۆی ئەو ناچاریەی تێدایە لە هەمو قانونێکدا هەبێت. کانت دەڵێ تەنیا یەک تاکە فرمانی ڕەها هەیە کە ئەمەیە: (باکردارەکەت تەنیا هەر بەپێی ئەو بنەمایە بێت، کە دەتوانی و بتەوێ لە هەمان کاتدا بەهۆیەوە بخوازی ببێ بە قانونێکی گشتی). (کانت،٢٠٠٧،ل٦٢-٦٣) ئەم بنەمایە دەرخەری شێوازی ڕەوتێکە بۆ دەست نیشانکردنی ئەمە، کە ئایا کردارێکی تایبەتی لە ڕوی ئاکارەوە شیاوە یان نا، کاتێک ئێوە دەتانەوێت کارێکی تایبەت ئەنجام بدەن، پرسیار لە خۆتان دەکەن، کە ئەگەر ئەو کردارە ئەنجام بدەن تێیدا پەیڕەوتان لە چ ڕێسایەک کردوە. دواتر لە خۆتان دەپرسن، کە ئایا پێتان باشە کە هەمو کەسێک لە هەر کات و ساتێکدا پەیڕەوی لەو ڕێسایە بکەن. (لەم کاتەدا ئەمەتان کردوە بە (یاسایەکی گشتی) ئەگەر وابێت دەکرێت لەم ڕێسایە پەیڕەوی بکەن. (ریچلز،١٣٨٧،ل٨٢).

فەرمانی ڕەها فەرمانمان پێدەکات کە کردارەکانمان بەپێی یاسایەکی گشتی بێت لەسەربنەمای چاکە بۆ مرۆڤ، لەهەمان کاتدا بنەمای کردارەکەمان ببێتە یاسایەکی گشتی، ویستی چاکەی مرۆڤ گوزارشت لەم بنەمایە دەکات، و ئەرکە لەسەرمان بەپێی ئەم بنەما گشتییە ڕەفتاربکەین، کە پێشیانە دەیزانین و پەیوەستین پێوەی لەلایەنی ئاکاری. (الطویل،١٩٦٠،ص٢٣٦-٢٣٧).

((ئەگەر سەرنجی خۆمان بدەین کاتێک فەرمانێک، ئەرکێک پێشێل دەکەین دەبینین، نامانەوێ بنەماکەمان ببێ بە قانونێکی گشتی، چونکە ئەمە لەکردن نایەت، بەڵکو پێچەوانەکەی ئەمە دەبێ وەک قانونێک بەگشتی بمێنێتەوە، بەڵام جاروبار ئازادی بەخۆمان دەدەین بۆ ئێمە یاخود (گەر تەنیا هەر بۆ ئەم جارەش بێت) بۆ سودو قازانجی مەیل و

ئارەزومان لەمەدا جۆرە بواردنێک بکەین، ئینجا لەمەوە دەگەینە ئەوەی کە ئەگەر هەمو شتێک بەیەک چاو سەرنج بدەین، واتە بەچاوی ژیر، ئەوە لە خواستی خۆماندا دوچاری ناکۆکی و ناتەبایی دەبین، واتە ئێمە دەمانەوێ بنچینەیەکی دیاریکراو بەو شێوەیەی قانونێکی گشتی هەمەکییە ببێ بەناچارەکی بابەتیانەو، لەهەمان کاتدا نامانەوێ خۆیەکییانە بەگشتی بایەخدارو دەست بەکاربێت، دەرفەت و بواری بواردن و نائاسایی بدات، بەڵام ئێمە جارێک کردارمان لەبۆچونی خواستەوە بەتەباو گونجاویی ژیرو جارێکی تر لە هەمان بۆچونەوە بەپابەندی مەیل و ئارەزوی دادەنێین، لەمەدا ناتەبایی و ناکۆکی نییە، بەڵکو ئەمە بەبەرەکانییەکە ئارەزوی دژی ڕێوشوێنی ژیر دەکات، کە بەهۆی هەمەکێتی بنچینەکە دەبێ ببێ بەگشتی و هەمەکێتییەکی ڕوت، بەجۆرێک دەبێ بنەڕەتی کردەکی ژیر لە ناوەڕاستی ڕێگادا لەگەڵ بنەماکەدا بگەن بەیەک. ئێمە دان بە گونجاوی ودەستبەکاری ڕاستەقینەی فەرمانی ڕەهای ئاکاریدا دەنێین و، ئێمە (بەهەمو ئەو ڕێزەی لێی دەنێین) ڕێگای خۆمان دەدەین چەند بواردنێک بکەین، کە بەبێ بایەخ دێنە بەرچاومان و، بەلامانەوە ناحەزن. بەم پێیە ڕون بۆوە، کە ئێمە بەلایەکەوە دەرمان خست ئەگەر چەمک و بۆچونی ئەرک و فەرمان واتا و بایەخ و ڕۆڵی ڕاستەقینەی قانوندا نانی بۆ کردارەکانمان هەبێ دەبێ ئەمە لە فەرمانی ڕەهای ئاکاریدا بێت نەک لە فەرمانی مەرجداردا دەرببڕدرێ. (فەرمانی ڕەها ئەوەیە کردارێک بۆ خۆی و لە پێناو خۆیدا خۆی دەردەبڕێ، پەیوەست نییە بەهیچ ئامانجێکەوە))).(کانت،٢٠٠٧،ل٦٨–٦٩)

## سێیەم: سێ بنەماکەی کردار

**بنەمای یەکەم: با کردارت بەپێی چەند بنەماوڕێوشوێنێک بێت کە لەهەمان کاتدا بتوانن وبکرێ ببن بەبابەتی چەند قانونێکی هەمەکی گشتی –سروشت. بەم شێوەیە چوارچێوەی ویستی ڕەهای چاکەو چاکە خواز دارێژراوە.** نابێ هیچ جۆرە مەیل و تۆبزیەکی ناچاری و هۆکاری کەوتنەوەی کردارەکە بن، بەڵکو کردەکە بەویستەوە بەندبێت و بەبنەماکانی کردار نەک بەسۆزی توندەوە پشت ببەستێ.

**بنەمای دوەم: با کردارت بەرامبەر هەمو بونەوەرێکی ژیر بەو جۆرە بێت، کە لە بنەماو ڕێوشوێنە پەیرەوکراوەکەتدا بەئامانج نەک بەئامراز دایان دەنێی.**(کانت،٢٠٠٧،ل٨٨) کردارێک لە هەستکردن بە ئەرکی سەرشان کەوتبێتەوە، بایەخە ئاکاریەکەی لەو ئامانجەدا نابینرێ، کە دەیەوێ پێی بگات. بەڵکو لەو بنەمایە دایە کە بە هۆیەوە بڕیاردراوە، واتە بەڕاستەقینەیەتی کردارەکەوە بەند نییە، بەڵکو بەبنەمای خواستەکەوە بەندە بەبێ گوێدانە هێز و توانای مەیل و ئارەزوی ڕودانەکە. بەو واتایەی ئەگەر ئێمە لە کردارەکانمان مەبەست وئامانجێکمان گەرەک بێت ئەوە کردارەکەمان هیچ بایەخێکی ئاکاری نابێ، کەوابو بایەخی کردارەکانمان لە چیدایە؟ بەبڕوای کانت تەنیا لەبنەمای خواست (ویستی چاکە) دادەبێت، بەبێ گوێدانە ئەو ئامانجانەی لە کردارەکان دەکەونەوە.

**بنەمای سێیەم: با کردارت بەپێی ئەو بنەماو ڕێوشوێنەبێت کە دەکرێ لەهەمان کاتدا ببێ بە قانونێکی هەمەکی گشتی.** ئەرکی سەرشان ئەوەیە بەناچارەکی لەڕێزگرتنی قانونەوە (یاسا-ڕێسا) بکەوێتەوە.(عبده،١٩٩٧،ص٦٧) واتە ڕێزگرتن لە قانونێک لەخۆیدا نەک لەئەنجامی کردارێک کە لە ئارەزووەوە کەوتۆتەوە، کەواتا قانونی ڕوت لەخۆیدا دەکرێت بەتەنیا بابەتی ڕێز لێنان بێت، بەم پێیە بابەتی ئاکاری کردار نە لە ئەنجامدایە کە لێی دەکەوێتەوە نە لەبنەمای کارەکە دا دەبێت، کە هۆکاری کەوتنەوەی ئەنجامەکەی دەبێ. کەواتا بۆچونی قانونێک لە خۆیدا تەنیا لە جەوهەرێکی ژیردا هەیە، کەواتا ئایا ئەو قانونە چییە کە بەبێ گوێدانە ئەو ئەنجامەی لێیدەکەوێتەوە خواست دەستنیشان دەکات بۆئەوەی ئەو خواستە بەبێ هیچ مەرجێک بە چاکەو خێر دابنرێت؟ (کانت،٢٠٠٧،ل٢٨-٣٠) کردارەکان دەبێ لە خواست دامالرێن، بەپێی قانونی گشتیبکەونەوە ئەمەش دەبێ ببێ بەبنچینەی خواست، واتە پێویستە هەمیشە ئەو کردارە بکەم کە وام لێدەکات بمەوێ ئەم بنچینەیەم ببێ بە قانونێکی گشتی. (کانت،٢٠٠٧،ل٣١)

## ئەنجام:

١-هەردو کتێبی بناغەدانانی مێتافیزیکی ئاکار و ڕەخنەی ژیری کردەکی، هەڵگری جەوهەری فەلسەفەی ئاکاری کانتن، ئەو لەوێدا بەدوای پرەنسیپێکی بێمەرجی گشتیدا دەگرێت لەمەڕ کردەی مرۆیی و ئەم پرەنسیپەش لەناو ئەقڵدا دەدۆزرێتەوە، کە بەهۆی کارکردنەوە لەسەر ویست کرداری دەبێتەوە. ئەو لەوێ نیشانمان دەدات خۆکردەیی یان ئاوتۆنۆمی ویستی مرۆیی، واتە ئازادی دەرەنجامی ئەو کارە کردەییەی ژیرە، کە پێشتر لە ڕەخنەی ژیریی پەتیدا وەک ئایدیایەکی ترانسێندێنتاڵ لە جیهانی ئەقڵانیدا کاری لەسەر کردوە.

٢-کانت بڕوای وابو هەروەک چۆن لەژیری پەتیدا هەندێ ئایدیامان هەیە پێش ئەزمونین (پێشیانەن) لەسنوری ژیری کردەکیشدا هەندێ ئایدیامان هەیە پێشیانەن، کە ژێر سەربەخۆ لێیان تێدەگات و بەلای کانتەوە مەبەست تەنیا یەک ژیرە، بەڵام لەدوبواردا بەکاردێت تیۆری و کردەکی.

٣-کانت ئاکارەکەی لەسەر بنەمای ئەرک دادەمەزرێنێ، پێی وایە مرۆڤ خاوەنی ویستی ئازادە، کە پەیڕەوی لە یاسای ئاکاری دەکات، کە هەمەکی و ڕەهایە کە لەلایەن ژیری خۆیەوە دانراون. خۆی لەناو خۆیەوە یاساکان دادەڕێژێ، نەک بەپاڵنەری دەرەکی هەرخۆشی پێوەری کرداری ئاکاری و سەرچاوەی یاسای هەمەکی ئاکارییە، بۆیە هاوکات مرۆڤ سەربەست و ئازادە.

٤- پەیڕەوکردنی یاسای ئاکاری ئەرکی مرۆڤی خاوەن ژیرو ئاگامەندە. ڕەفتارکردن بەپێی بنەمای فەرمانی ڕەها کە دەڵێ: (باکردارت بەپێی ئەو بنەماو ڕێوشوێنە بێ کە لەهەمان کاتدا ببێ بە یاسایەکی هەمەکی گشتی).

٥- پەیڕەویکردن لە یاسای ئاکاری لە پێناو خۆشگوزەرانی و بەختەوەری مرۆڤە و نابێت مرۆڤ وەک وەسیلەیەک بەکاربێت، بەڵکو مرۆڤ کۆتا ئامانجە.

٦- مرۆڤ لە کرداری ئاکاری نابێ چاوەڕێی هیچ دەرەنجام و ئامانجێک بێت هەرکارێک لەپێناو خودی ئەرکدا نەکرێت بەکاری ئاکاری دانانرێت، واتە نابێت کردارەکە هیچ پاڵنەرو مەبەست و ئامانجێکی لەپشتەوە بێت، نابێت لەپێناو هیچ سودو قازانجێک ئەنجام بدرێت

٧- لە مێتافیزیکی ئاکاری کانتدا مرۆڤ دو ئەرکی لەسەر شانە ئەرک بەرامبەر بەخۆ وەک بونەوەرێکی ژیرو کۆتا ئاماج. ئەرکی بەرامبەر بەوانیتر کە پێویستە لەگەڵ ئەوانیتردا مامەڵە بکەی وەک ئەوەی مرۆڤ خۆی لەوشوێنەدایە و چۆن پێی خۆشە ڕەفتاری لەگەڵ بکرێت خۆشی وا ڕەفتار بکات.

## ڕاسپاردە:

- بۆبەڕێزان لایەنە پەیوەندی دارەکان: لەبەڕێزان سەرۆکی حکومەت و وەزیرو ئەندام پەرلەمان و سەرۆکی زانکۆکان وبەڕێوەبەرو سەرۆک بەش ومامۆستا بەڕێزەکان ودایک وباوکانی ئازیز، هەمومان بەرپرسین لە پێگەیاندنی تاکێکی تەندروست و کۆمەڵگەیەکی تەندروست لە سەربنەمای پەروەردەیەکی ئاکاری، هەریەکەمان بەپێی دەسەڵات وپێگەکەی پێویستە کاربکەین بۆ چاکسازیکردن، وسڕینەوەی سەرجەم ئەو سێکتەرو سەرچاوانەی کە هۆکاری بەلاڕێدا بردنی تاک و کۆمەڵگە و هەرەسهێنانی بنەما ئاکارییەکانن لەکۆمەڵگەکەمان.
- پێویستە گرنگی زیاتر بدرێت بە وانەی ئاکار لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن، بەتایبەت قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی، و بەپێویستی دەزانین وانەی ئاکار لەسەرجەم بەشەکانی زانکۆکاندا بخوێندرێت و گرنگی زیاتری پێبدرێت.
- کاربکرێت بۆ هۆشیارکردنەوەی دایکان وباوکان، لەڕێگەی میدیا، وئەنجامدانی سیمینار لە ناوچە جیاوازەکان. و قەدەغەکردن یاخود سانسۆڕخستنە سەر هەندێ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە ڕەنگدانەوەی خراپیان هەیە لەسەر ڕەفتارو ئاکاری تاکەکان. ئەمەش لەڕێگەی دەرکردنی یاسایکی تایبەت.

## پەراوێزەكان:

١- **هۆمیرۆس:** هۆنراوەنوسێكی گریكی بەناوبانگە، نوسەری هەردو داستانی (ئەلیادە) و(ئۆدیسا)یە. هەروەها شەڕی تەڕوادەی بەشێوەی هۆنراوەی پاراو پاراست. و نوسینی داستانێكی هۆنراوەیی بەسەرهاتەكانی (ئۆدیسیۆس).

٢- **هیراكلیت:** لە نزیكی ساڵی(٥٠٤پ.ز) هاتە دونیا، یەكێكە لەفەیلەسوفە گریكییەكانی پێش سوقراط واتە یەكێكە لە فەیلەسوفە كۆسمۆلۆژیستەكان، پێی وابو هەمو شتێك بەردەوام لەگۆڕاندایە، بناغەی بونی هەمو شتێكی بۆ یەك توخم گەڕەندەوە ئەویش"ئاگر"ە و فەیلەسوفێكی دورەپەرێزو ڕەشبین بوە.

٣- **شیشرون**: فەیلەسوف و چالاكی سیاسی ڕۆمانی دێرین ساڵی١٠٦پ.ز بۆ٤٣پ.ز ژیاوە. لەنزیكی٧٣ پ.ز بوە بە كونسوڵ و ئەدەبیاتێكی گەورەی لەپاش خۆی جێهێشتوە، كە بۆسەردەمی خۆی گرینگ بون و بۆ ئێستا سەرچاوەی باشن لەبارەی ژیانی كۆمەڵگەی ڕۆمەوە.

٤- **بطرس البستانی:** (١٨١٩-١٨٨٣) ناسراو بەبستانی مامۆستاو مێژونوس ئەدیب و ڕۆشنبیرێكی لبنانیە كە فەرهەنگی (دائرة المعارف) داناوە، كە یەكەم فەرهەنگی زمانی عەرەبی یە گشتگیرەو دەوڵەمەندو و فراوانە بە زانیارییەكان لە هەمو بوارێك فەرهەنگێكی بەپێز وناوازەیەو سەرنجی نوسەرانی بەلای خۆیدا ڕاكێشاوە .البستانی خاوەنی نزیكی چل وپێنج بەرهەمە.

٥-كانت: ئیمانوئیل كانت لە(٢٢ی نیسانی ساڵی١٧٢٤ز) لە گوینگسبێرگی ئەڵمانیا لەدایك بوە، و هەتا كۆتای ژیانیشی لەوێ مایەوە. باوكی بەرەچەڵەك دەچێتەوە سەر خێزانێك كە سكۆتلەندییە و لەسەروی بەریتانیاوە ژیاون. دایكی كانت ژنێكی یەجگار خواپەرست و وابەستە بەئاینەوە بوە، ئەمەش كاریگەری لەسەر كانت داناوە كە كاریگەریەكەی هەم لەڕەفتارو هەم لە بنەما ئاكاریەكانیش كە لەكتێبی (ڕەخنەی عەقڵی كردەیی)دا خستونەتیەڕو ڕەنگیداوەتەوە. كانت ناوی خۆی بەم جۆرە دەنوسی (Kant) بەڵام باوكی بەم جۆرە دەینوسی(Cant)، كانت خاوەنی یەك براو چەند خوشكێك بو، دایكی كانت تامەزرۆی ئامۆژگارییەكانی دكتۆر شۆڵتز بو بۆیە كانتی برد بۆ پەیمانگای فریدریك كە دكتۆر شۆڵتز بەڕێوەبەری بو كانت تێیدا دەستی بە خوێندن كرد و تێیدا مایەوە لەساڵی١٧٣٢،وە دواتریش لە٢٩ ئەیلولی ساڵی ١٧٤٠ چوە زانكۆی گۆسینبێرگ. و ساڵی١٧٥٥ بڕوانامەی ماجستێری وەرگرت. وانەكانی لەبارەی لۆژیك و مێتافیزیك وماتماتیك و دەربارەی یاسای سروشتی و زانستی ئاكارو لاهوت و زانستی مرۆڤ وجوگرافیای سروشتی بو. كانت لەماوەی ژیانی كۆمەڵێ پۆستی وەرگرتوە لەوانە: لە كتێبخانەی پاشایەتی پۆستی تێبینەری پلەدوی گرتەدەست. لە ساڵی ١٧٨٠بو بە ئەندام لە ئەنجومەنی پیرانی ئەكادیمی، و لە٧ كانونی یەكەمی ١٧٨٧بو بە ئەندام لەئەكادیمیای پادشایەتی زانستەكان لە بەرلین، لەوكاتەدا ڕاگرایەتی كۆلێژ بەنۆرە بو كە سەرەی كانت هات ڕاگرایەتییەكەی گرتە دەست وپێنج جار ئەم پۆستەی گرتە دەست، و لە ساڵی ١٧٨٦بو بەسەرۆكی زانكۆ. كانت لەژیانی ئاسایی خۆی كەسێكی زۆر ڕێكخراو و بە وادەبوە لە ڕێكخستنی كاتەكانی ژیانی ڕۆژانەی دا، بە جۆرێك باس لە وەدەكرێت هەندێ لە خەڵكی شاری گۆیسنبێرگ كاتژمێرەكانیان بەگوێرەی وادەو كاتەكانی ڕتبونی ڕۆژانەی كانت لەنزیكیانەوە تەوقیت دەكرد، كانت خاوەنی نزیكەی شەست بەرهەمە، لە ١٢شوباتی١٠٨٤كۆچی دوایی كردوە.

٦- **شانشینی ئامانجەكان:** مەبەست لێی وابەستەبونی ڕێكخراوی نێوان بونەوەرە ژیرە هەمەجۆرەكانە بەهۆی بڕێك یاسای هاوبەشەوە، شانشینی ئامانجەكان سیسەتەمێكی تەواوەتییە لە هەمو ئامانجەكان، كانت بۆ ئەم شانشینە گریمانەی سەرۆكێكی باڵادەكات.

# The Moral Duty in Kant´s View (Philosophical Analysis Research)

**Batool Ridha Abbas**
Department of Philosophe, College of Human Sciences, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** dr.batool2010@uor.edu.krd

**Darstan Abdulrahman Hussin**
Department of Philosophe, College of Human Sciences, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** darstan.abdulrahman@uor.edu.krd

**Abstract:**

in the old era, morality was a significant concept in the cognitive of all human beings. For this reason, that made it a debatable principle of morality philosophy. As a result of having different views different schools were appeared. Their values are not the same to differentiate between morality and immorality. This paper sheds light on the Kant´s duty-based ethics. He tried to make a principle of morality based on good duties in himself. He believes, it is impossible to think of anything at all in the world or indeed even beyond it, that could be considered good without limitation except a good will. Pleasure and pain are not two bare rational duties as long as they are related to sensation in nature and they are interrelated with individuals. For this purpose, moral rule cannot be applied to them. Rational is an action that should be away of sensation.

It is a human beings duty to do the right action with good intentions without thinking of the consequences. morality rules should be unlimited autonomy of the will is the supreme principle of morality. freedom does not mean breaking rules of law but following law. The rational people can think rationally regarding the principles of moral. Freedom is the basic of ethics that exist in human beings. The fundamental of moral principles are not extrinsic but they are intrinsic. Willingness is autonomous to act from duty is to follow the moral law.

**Key words:** Ethic, Duty, Will, Autonomy of Duty Types of Duty.

## سەرچاوەکان:


کانت، ئیمانوێڵ، (٢٠٠٧): بناغەدانانی میتافیزیکی ئاکار، و: لەئەڵمانییەوە حەمید عزیز، چ١، چاپخانەی ئاراز-هەولێر.

کانت، ئیمانوێڵ(٢٠١٥)،: ڕەخنەی عەقڵی پراکتیکی، و: لە ئەڵمانییەوە سۆران عومەر حمە، چاپخانەی نێوەندی ڕۆشەنبیری.

بە دەوی، عبدلرحمان، (٢٠٢٠): ئاکار لای کانت، ب،٢ و:سامان علی، چاپخانەی تاران.

ڕۆبێرت سالمەن و کەتلین ئیم.هیگێنیز (٢٠١٩) مێژوی فەلسەفەی ڕاتلێچ (سەردەمی ئایدیالیزمیئاڵمانی)، ب ٦، و لەفارسیەوە: سعید کاکی، چ چاپخانەی تاران.

شوانی، محەمەد، (٢٠١٧): بنچینەکانی ئەنترۆپۆلۆژیایی گشتی، ب١،چ١، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان.

عەلی، ئومێد حەمە(٢٠١٨): ئەخلاق و زمان،چ١،چاپخانەی ئەندێشە-سلێمانی

کۆمەڵێک نوسەر(٢٠١٤):بنەماکانی فەلسەفەی ئاکار،و:سەعید کاکی، چاپحانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر.

کەمال، محمەد،(٢٠١٧): فەلسەفەی کانت، چاپخانەی سەردەم – سلێمانی.

کۆمەڵە وتار(٢٠٢٠): ئەخلاقناسی،تەحسین حەمەغریب،چ١، چاپخانەی سارا-سلێمانی.

کۆمەڵێک نوسەر(٢٠١٠)،: مێژوی فەلسەفەی ئەخلاق،و:چنوور فتحی،چ١،چاپخانەی خانی-دهۆک.

هایدبرینگ،هورست( ٢٠١٧)،: سیاسەت وئەخلاق،و: کاوە جەلال،(زنجیرە دۆسیەکانی سەردەم،٣٠) چ ١،سلێمانی چاپخانەی سەردەم.

رەشید،یوسف(٢٠١٣): فەرهەنگی ئانا هیتا()،فەرهەنگێکی ئەلیکترۆنییە

کریم،رزگار،٢٠٠٦: فەرهەنگی دەریا(فەرهەنگێکی عربی کوردییە)،ب١، تهران- نشر احسان.

ارسطوطاليس،(١٩٢٤): علم الأخلاق الى نيقوماخوس،ترجمة من اليونانيةالى فرنسية:بارتلى سانتهلير،نقله الى عربية:احمد لطفى السيد،ج١،مطبعة دارالكتب المصرية-القاهرة.

الخراز،خالد بن جمعة بن عثمان(٢٠٠٩)،: موسوعة الأخلاق،ط١،مكتب اهل الأثر.

الن وود(٢٠١٤)،: كانط،و: بدوى عبد الفتاح،ط١،القصرالعينى-القاهرة-مصر.

الطويل،توفيق(١٩٦٠)،: الفلسفةالخلقية نشأتها وتطورها، مديرية دارالكتب-بغداد

وانت،كرستوفر- كليموفسكى،أندزجى(٢٠٠٢): اقدم لک كانت، ت: إمام عبدالفتاح إمام،ط١،نشر المجلس الأعلى للسقافة-قاهرة

عبده،مصطفى(١٩٩٧)،: فلسفة الأخلاق،الناشر مكتب مدبولى-قاهرة

لومبار،جاک،١٩٩٧،المدخل الى الآثنولوجيا،ت: حسن قبيعى، المركز الثقافى العثرى دار البيضاء الغريب.

مسكويه،على بن محمد يعقوب (١٩٧٦): تهذيب الأخلاق وتطهير الاعراف،بيروت- لبنان

نصار،محمد عبدالستار(١٩٨٢)،: دراسات فى فلسفة الأخلاق،ط١،دارالقلم-كويت.

لالاند،أندریه(٢٠٠١)،: موسوعة لالاند الفلسفیة، ترجمة: خلیل احمد خلیل،ط٢،جزء الثانی، منشورات عویدان-بیروت.

یاسپرس،کارل،():کانت،ت: میر عبد الحسین نقیب زادة،چاپ دوم، انتشارات طهوری-تهران

پیتن،هربرت جیمز (١٣٩٧) امر مطلق، ت:سیدعلی اصغری، چ ١،نشر احسان –تهران.

ریچلز، جیمز،(١٣٨٧)، فلسفه اخلاق، ت:ارش اخگری، انتشارات حکمت- تهران.

کاپلستون، فردیریک چارلس(١٣٩٢)تاریخ فلسفه ازولف تا کانت، جلد،ششم، ت:اسماعیل سادق و منچور بزرگهر، چ پنجم-انتشارات سروشت -تهران.